# دەوڵەتی نەتەوەیی کورد
# لەدیدی حاجی قادری کۆییدا
# (1897-1815)

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
د.کەمال مستەفا مەعروف

*ئەم تۆژینەوەیە باسێکی زانستییە لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عەزیز گەردی پێکەوە ئەنجاممان داوە.

پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە (دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لەدیدی حاجی قادری کۆییدا (1815-1897) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی بیروبۆچوونی شاعیری نەتەوەیی سەدەی نۆزدەمی کورد، حاجی قادری کۆیی، لەبارەی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد، چونکە لەسەدەی نۆزدەمدا بیری نەتەوەیی و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەتایبەتی لەهەندی وڵاتی ئاسیاو ئەفریقیادا، گەیشتبووە ئەوپەڕی گەرم و گوڕی و یەک لەدوای یەک دەوڵەتی نەتەوەیی دادەمەزراو بیری نەتەوایەتی و زیندووکردنەوەی شکۆمەندیی رابردووی نەتەوەیی لەبرەودا بوو. لەو سەردەمەدا، کورد لەچەند ئەمارەتێکی وەکوو بۆتان و سۆران و بابان و ئەردەڵان زیاتر هیچ دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆی خاوەن دەسەڵاتی نەبوو. حاجی بەشانازییەوە باسی ئەم ئەمارەتە کوردییانە دەکات. حاجی لەئەنجامی گەڕانەوەیدا بۆ مێژووی کوردو کارەساتی لەناوچوونی ئەمارەتەکان، کە زۆربەیان لەسەردەمی ئەمدا رۆژیان ئاوا بوو و هەڵسەنگاندنی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆمەڵی کوردو شارەزابوونی لەبارودۆخی نەتەوەکانی جیهان، بەتایبەتی دوای چوونی بۆ ئەستەنبوڵ و ئاگاداربوونی لەپێشکەوتنی نەتەوەکانی تر لەڕووی پیشەسازی و ئابووری و دەسەڵاتدارییەوە، بیری بەدەوڵەتی نەتەوەیی کوردەوە خەریک بووەو بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە. ئایا کورد بنەماکانی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە، یان نا؟ هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لەو سەردەمەدا چی بوون؟ کورد ئەگەر بیەوی ببی بەخاوەنی دەوڵەتی خۆی، دەبی چی بکات؟ ئیدی حاجی بەپێی شارەزایی و بۆچوونی خۆی رەنگ بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی دەڕێژی و نەخشە بۆ هێنانەکایەی دەکێشی و وەکوو غەمخۆرێکی ئەم بوارە رووی گوتاری

دەکاتە سەراپای کوردو هانیان دەدا بۆ ئەوەی هۆکارەکانی دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد دەستەبەر بکەن.
ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسی بەش و ئەنجامەکان ولیستی سەرچاوەکان و پوختەی عەرەبی و ئینگلیزی پێک هاتووە.
بەشی یەکەم لەچەمکی دەوڵەت بەگشتی و دەوڵەتی نەتەوەیی بەتایبەتی و هەست کردنی حاجی بەنەبوونی دەوڵەتی کوردی دەدوی. ئەم بەشە سی تەوەرە: تەوەری یەکەم لەچەمک و پێناسەی دەوڵەت دەدوی بەپێی فەلسەفەو بیردۆزی جیاجیا. تەوەری دووەم باسی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکا، کەی هاتۆتە کایەوەو لەکوی زیاتر پەرەی سەندووە، تەوەری سێیەمیش بۆ هەستکردنی حاجی بەرامبەر بە نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد تەرخان کراوە.
بەشی دووەم بۆ بنەماکانی دەوڵەتی کوردی تەرخان کراوە وەک حاجی بۆی دەچی، ئەمەش سی تەوەرە، تەوەری یەکەم لەبنەما سەرەکییەکان دەدوی و تەوەری دووەم لەبنەما ناسەرەکییەکان دەکۆڵێتەوەو دوا تەوەریش مامەڵە لەگەڵ بنەما لاوەکییەکان دەکات.
بەشی سێیەم بەرەو دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردییە، واتە بارودۆخی کورد تا چ رادەیەک لەبارە بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. ئەم بەشەش هەر سی تەوەرە. تەوەری یەکەم هۆکارەکانی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی چین لای حاجی و کامەیان لەمپەری سەرەکی و کامەیان ئاستەنگی لاوەکین، تەوەری دووەم بۆ رێنمایی و نەخشەڕشتنی حاجی تەرخان کراوە بۆ ئەوەی کورد بتوانی ببی بەخاوەنی دەوڵەتی خۆی، تەوەری سێیەم ئاوردانەوەیە لەهیواو دوعاو پاڕانەوەی حاجی بۆ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد.
لەکۆتاییدا گرنگترین ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پێشکەش کراوەو سەرچاوەکان بەپێی تیپی میعجەمی ریزکراون .

بەشی یەکەم
چەمکی دەوڵەت و دەوڵەتی نەتەوەیی و بی دەوڵەتی کورد لای حاجی

تەوەری یەکەم:
پێناسەو چەمکی دەوڵەت
وشەی (estat/stato/state) کە هەندی زمانی ئەوروپی بۆ دەوڵەت بەکاری دێنن، هەموویان بۆ وشەی (Status)ی لاتینی دەگەڕێنەوە کە مانای رەوش یان بارودۆخی هەبوون دەگەیەنی(40). لەسەدەی

چواردەمەوە ئەم وشەیە لەنووسینی جۆراوجۆری ئەوروپییەوە دەکەوێتە بەرچاو(2:15). پاشان زاراوەکە وردە وردە گەشەی کرد تا بەتەواوی مانای ئێستای وەرگرت.
لەبارەی چەمکی دەوڵەتەوە، هەر لەکۆنەوە بیروبۆچوونی جیاجیا لەئارادا بووە، پێناسەی زاراوەکە بەپێی ڕێبازی فەلسەفی و ئایدیۆلۆجی جۆراوجۆر، بەدرێژایی مێژوو، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام نزیکەی هەر هەموویان لەسەر ئەوە ڕێکن کە دەوڵەت کۆمەڵە خەڵکێکە لەسەر پارچە زەوییەک دەژین و بەپێی دەسەڵاتێکی تایبەتی بەڕێوەدەچن.
زەوی وەکوو جێگای بەخۆوەگرتنی خەڵکەکەو دەسەڵاتەکەش پێویستییەکی گرنگە بۆ ئەوەی دەوڵەتی لەسەر ڕۆبنرێ. شێوەو قەبارەی ئەو زەوییە، کە وڵاتە، جۆری زۆری هەیە. (زەوی) یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکیەکانی دەوڵەت کە هەبوونی پێویستە بۆ بوونی دەوڵەت. زەوی (هەرێم) بەگوتەی (فێنمون) رووپێوێکی زەوییە روخساری بەشە جیاجیاکانی لێک دەچێ و لەهەمان کاتیشدا لەهەرێمە دراوسێکانی جیایە)(16:28) واتە هەبوونی پارچە زەویەک بۆ ئەوەی دەوڵەتی لەسەر دابمەزرێ مەرجێکی سەرەکییە بۆ دەوڵەت.
بەلای (ئەفلاتوون)ەوە دەوڵەت سازمانێکی ئابووری تەواوە، لەئەنجامی پێویستییەکانی مرۆڤ پەیدا بووەو لەسەر بنچینەی رەوشی دابەشبوونی کار-بۆ دابینکردنی پێویستییەکان- دروست بووە(34:14). کەواتە ئەفلاتوون پی لەسەر پێویستی ئابووری کۆمەڵە خەڵکەکە دادەگرێ بۆ دروستبوونی دەوڵەت کە خۆی لەجێبەجێکردنی پێویستییەکان دەدۆزێتەوە. (ئەرەستۆ) لەکتێبی سیاسەتدا بەم جۆرە باسی دەوڵەت دەکا: "هەر دەوڵەتێک کۆمەڵێکە، هەر کۆمەڵێکیش بەدوای بەرژەوەندی خۆیدا دەگەڕێت، کەواتە هەمووان شتەکان وادەبینن کە خێرو چاکەی ئەوانیان تێدایە. ئاشکرایە هەموو کۆمەڵەکان ئامانجیان خێرو چاکەیەو لەهەموویان مەترسیدارتر ئەوەیانە کە بەدوای زۆرترین خێرو چاکەدا وێڵە، بەم کۆمەڵەیە دەگوترێت دەوڵەت، یان کۆمەڵی مەدەنی"(37:18).
دیارە (ئەرەستۆ)ش وەکوو ئەفلاتوون جەخت لەسەر لایەنی ئابووری دروستبوونی دەوڵەت دەکات. ئەو دەوڵەت تەنیا بەکۆمەڵە خەڵکێک گریدەدا کە خێرو چاکە (باری ئابووری)ی بزوێنەری سەرەکی پێکەوە ژیانیانە کە پەیوەندی نێوان خۆیان و کۆمەڵانی دەرەوە دیاری دەکات، بۆیە (ئەرەستۆ) ئەوانە لەهەموویان بەمەترسی دارتر دادەنی کە بەدوای زۆرترین خێرو چاکەدا وێڵن، چونکە بۆ دەست خستنی ئەو

خێرو چاکەیە پەل بۆ سەر خاک و دەسەڵاتی کۆمەڵانی تری خاوەن سامان داوێن و بەمەوەش شەڕو داگیرکردن دێتە کایەوە. کەچی (راتزل) کۆمەڵە خەڵکەکە بەخاک و هەست و فەلسەفەی تایبەتی دەبەستێتەوە، دەڵی: "دەوڵەت دەوروبەرێکە لەزەوی، کۆمەڵێک مرۆڤ لەسەری نیشتەجێن، یەکێتییەک کۆیان دەکاتەوە، بۆچوون و هەستی تایبەت فەلسەفەو بیری دیاری کراویان هەیە"(79:30). کەواتە (راتزل) فەلسەفەی دیاریکراو بۆ چەمکی دەوڵەت زیاد دەکات، کەچی لای (بۆنارد)ی فەرەنسی دەسەڵاتیش بنەمایەکی سەرەکی دەوڵەتە کە هێزی ماددی دێنێتە پێشەوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان، دەڵی: "دەوڵەت یەکەیەکی یاسایی هەمیشەییە، دەزگایەکی کۆمەڵایەتی خاوەن دەسەڵاتە لەبەرامبەر نەتەوەیەکی سەقامگرتوودا لەسەر هەرێمێک. ئەو دەزگایە دەسەڵات بەڕێوەدەبات بەو ئامێرانەی لەسەر ئارەزووی خۆی وەستانو لەڕێگای ئەو هێزە ماددییانەوە کە خۆی قۆرخی کردوون"(222:22). هێزی ماددی هەم هێزی بەرهەمهێنانی ئابووری و هەم هێزی چەکدارانەش دەگرێتەوەو بەم هۆیە دەسەڵاتی سیاسی خۆی دەسەپێنی و لەڕووی مەترسی دەرەکی دەوەستی. بەلای (ستاسنگەر)ەوە ئەم هێزە لایەنی ماددی دەگرێتەوە: "هێز توانای گەلە لەبەکارهێنانی دەرامەتی ماددی و نا ماددی کە بتوانی کار لەڕەوشتی گەلانی تر بکات"(14:39).
لەلایەکی تریشەوە (سالمۆند) هێز دەکا بەبنەمایەک بۆ دابینکردنی ئاشتی و دادپەروەری و سەقامگرتنی تەبایی و بەیەکەوە ژیانی دۆستانە: "دەوڵەت کۆمەڵێک تاکە کەسە لەسەر هەرێمێکی تایبەتی سەقامیان گرتووە بۆ دابینکردنی ئاشتی و راستی خوازیی لەڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە"(222:22). (وێبەر)یش پێناسەی دەوڵەت دەباتەوە سەر بناغەی هێزو دەڵی دەوڵەت "جڤاتێکی مرۆڤایەتییە سەرکەوتووانە داوای قۆرخی یاسایی بەکارهێنانی هێزی فیزیکی دەکات لەچوارچێوەی ناوچەیەکی دیاری کراودا"(503:36).
(پرستون جیمس) لەڕوانگەی ئامانجەوە دەڕوانێتە دەوڵەت و هەموو بنەماکانی تر لەسەر ئەمەیان کۆدەکاتەوە، واتە لای ئەم ئامانج دەبی بەچەقی رۆنانی دەوڵەت: "دەوڵەت بریتییە لەکۆمەڵە ئامانجێکی دیاری کراو کە زۆربەی دانیشتوانی سەر بەدەوڵەت جێبەجێی دەکەن. ئەم ئامانجانە لەکۆمەڵە داب و نەریت و شارەزاییەکی هاوبەش خۆیان دەنوێنن"(261:32).

بەهەرحاڵ، دەوڵەت دیاردەیەکی مێژووییە، هەر لەدەوڵەتی شارەوە تا دوا دەوڵەتی هاوچەرخ و پێشکەوتوو، گۆڕانی بەردەوامی بەخۆیەوە دیوە لەچەمک و بنەماو دەزگای بەڕێوەبەرایەتی و فەلسەفەی کارکردنەوە" دەوڵەت دیاردەیەکی مێژووییە لەو قۆناغەی گەشەسەندنی کۆمەڵ سەری هەڵداوە کە دابەشکردنی کۆمەڵایەتی کار پەیدا بووەو خاوەندارێتی هاتۆتە ئاراوەو چینە کۆمەڵایەتییە ناکۆکەکان دەرکەوتوون کە بەرژەوەندییان لەگەڵ گەشەسەندنی کێشەی چینایەتی ناگونجی"(5:26). ئەم بۆچوونە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دەوڵەت بەمێژووی ئابووری و سیاسی دەبەستێتەوەو هەر لەم دیدەوە دەوڵەت وەکوو رێکخراوێک دەبی بەبەشی لەسەرخانی کۆمەڵ بۆ چەسپاندن و پاراستنی بەرژەوەندی چینی باڵادەستی کۆمەڵ دێتە کایەوە: "دەوڵەت وەکوو رێکخراوێکی سیاسی سەری هەڵداوە، بەشی لەسەرخان پێکدێنی کە لەسەر بنچینەی ئابووری کۆمەڵیی چینایەتی سەرهەڵدەدا"(11:36). (پیتەر)یش هەر لەڕووی دەسەڵاتەوە دەڕوانێتە دەوڵەت: "دەوڵەت خاوەندی دەسەڵاتە، ئەمە لەهەموو شێوەی رێکخراوە مرۆڤایەتییەکانی دی جودای دەکاتەوە"(175:37). ئەم دەسەڵاتەش بەلای ئەوەوە دەسەڵاتێکی رەهایە وەکوو (لاسکی) گۆتەنی: "دەوڵەت فەرمان بەهەمووان دەکات و فەرمان لەهیچ کەسەوە وەرناگری"(175:37).

لەمانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوی کە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەت ئەمانەن:

1.زەوی، یان پارچە زەوییەک کە لەئاستی نێودەوڵەتی دانی پێدانرابی.

2.گەلێک کە خاوەنی بەهاو خوورەوشت و ژیارو رۆشنبیری خۆی بی.

3.رژێمێکی فەرمانڕەوا کە گەلەکە پێی رازی بی و رژێمەکە هێزی دەسەڵاتی خۆی لەوەوە وەربگری.(82:30).

جگە لەم سی بنەما سەرەکییە هەندی بنەمای ناسەرەکی هەن بۆ دروستبوونی دەوڵەت کە تەواوکەری بنەما سەرەکیەکانن وەکوو زمان کە "بنچینەی هەستکردنی کۆمەڵە بەئینتیمای ئەندامەکانی بۆ یەکترو بەشداربوونیان لەهەمان بیرەوەری جا چ مێژوویی بی و چ رۆشنبیری بی و چ ئابووریش"(102:16) زمانی هاوبەش نەتەوە پێکدێنی و ئەندامانی هەر نەتەوەیەک بەزمانەکەیان دەناسرێنەوە، هەر بۆیەشە "کاتی کە لەسەدەی هەژدەمدا نەتەوە خەریک بوو شێوەی خۆی وەربگری، پێشەنگەکانی سیاسی و عەسکەری نەبوون، بەڵکو زاناو شاعیرو نووسەر بوون"(104:16). واتە "زمان

یەکی لەبنەما سەرەکییەکانی پێک هاتنی نەتەوەیە" بۆیە لای نەتەوەییەکان زمان بنچینەیەکی بەهێزی یەکگرتنی کۆمەڵ و پتەوکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتە. جگە لەزمان (ئایین)ش زۆرجار هۆی پتەوکردنی هەستی یەکێتی رۆڵەکانی گەل و بەهێزکردنی دەوڵەتە "هەندی کەس هەوڵ دەدەن جەخت لەسەر بایەخی ئایین بکەن وەکوو رەگەزێکی نەتەوایەتی، ئەگەرچی شیکردنەوەی هاوچەرخ لەبابەتی نەتەوایەتی نکووڵی ئەم بایەخە دەکات بۆ قووڵکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی"(75:19)، چونکە ئەگەر لای هەندی نەتەوە ئایین (یەکێتی ئایین) هۆی یەکگرتن بووبی وەکوو لای عەرەب، لای هەندێکیتر وەکوو نیمچە کیشوەری هیند، بەزۆری ئایین دەبی بەهۆی لێک پچران، ئەوەبوو نیمچە کیشوەری هیند دابەش بوو بۆ هیندو پاکستان. جگە لەم دوو بنەمایە، ئابووری هاوبەش دەورێکی دیاری هەیە بۆ یەکخستنی ئەو خەڵکەی دەکەونە چوارچێوەی دەوڵەت و ئابووری پێشکەوتوو نیشانەی پێشکەوتنی دەوڵەتە ئەویش بۆ بەروبوومی خاک و پیشەسازی و بازرگانی دەگەڕێتەوە. دەوڵەت (چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییە دانیشتوانەکەی لەدەوری یەک کوانووی ناوەندی ئابووری و کارگێری دەخولێنەوە).(16:25)

کەواتە بنەما ناسەرەکییەکانی دەوڵەت ئەمانەن:

1.زمان کە بنچینەی سەرەکی نەتەوەیەو رۆڵەکانی نەتەوە لەیەک نزیک دەکاتەوە.

2.ئایین، کە ئەگەر سەراپای رۆڵەکانی سەر بەیەک دەوڵەت، یەک ئایین کۆیان بکاتەوە، دەبی بەبنەمایەکی بەهێزی یەکگرتنیان.

3.ئابووری هاوبەش کە دابینکردنی خۆشگوزەرانی خەڵکەکەیە.

جگە لەم بنەمایانە هەندی بنەمای تریش هەن دەوری خۆیان لەپتەوکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت هەیە، ئەگەرچی بەرادەی بنەماکانی پێشەوە گرنگ نین، لەمانە وەکوو وەچە-العرق-race کە "بەکۆمەڵە کەسێک دەگوترێ خەسیەتی سروشتی تر"(145:30) هەرچەندە هاوبەش بوونی ئەو خەڵکەی دەوڵەت پێک دێنن ئەگەر لەیەک وەچەبن، هەستی ئینتیمایان بەهێزتر دەبی بەڵام ئەمە نابی بەبنەمایەکی بەهێزی دروستبوونی دەوڵەت، جگە لەمە مێژووی هاوبەشیش دەوری خۆی لەیەکگرتن و هەست بەهاوبەشیکردنی ئەندامانی هەر دەوڵەتێک هەیە، بۆیە لای هەندی ئەمەش دەبی بەبنەمایەکی تر بۆ راگیرکردنی دەوڵەت.(75:19) گومانی تێدا نییە ئەو کۆمەڵە کەسەی دەوڵەت پێک دێنن دەکەونە نێو کۆمەڵی پەیوەندییەوە: "دەوڵەت بریتییە لەچەند پەیوەندییەکی ناوەکی و دەرەکی، ئەمانە ئەرکی دەوڵەتن لەناوەوەو لەدەرەوە بۆ دابینکردنی

هۆی ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی بۆ گەل"(99:30)، واتە پەیوەندی خەڵکەکە لەیەکێتی نێوان خۆیان و وەستانیان بەرامبەر کۆمەڵانی دەرەوە دەردەکەوی. ئیتر ئەمانەش هەندی بنەمای ترن بۆ پتەوکردن و راگیرکردنی دەسەلاتی دەوڵەت:
1.وەچە-race- کە هاوڕەگەزیی ڕۆڵەکانەو هەستی ئینتیمایان لەلا بەهێزتر دەکات.
2.مێژوو کە هەستی هاوبەشی ڕۆڵەکانی گەل لەداو نەریت و شارستانێتیو..
3.پەیوەندی ناوەکی و دەرەکی کە ڕۆڵەکانی گەل، لەلایەکەوە بەیەکەوەو لەلایەکی تریشەوە بەدونیای دەرەوە، دەبەستێتەوە.

تەوەری دووەم:
دەوڵەتی نەتەوەیی
دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی باری ئابووری و پێشکەوتنی پیشەسازی و سەرهەڵدانی چینی بورجوازی دەگەڕێتەوە: "سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی بورجوازی نەتەوەیی بۆ سەدەی حەڤدەم و هەژدەم دەگەڕێتەوە، پاشان لەسەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا چەند دەوڵەتێکی بورجوازی نەتەوەیی دروستبوون ئەویش لەکاتی گوڕسەندنی خەباتی سەخت و شێلگیر دژی ئیمپرالیزم".(20.19:26) دوای جەنگی دووەمی جیهانیش، کە بیروباوەڕی نەتەوایەتی زیاتر برەوی سەند، کۆمەڵی دەوڵەتی نەتەوەیی لەئاسیاو ئەفریقیا هاتنەکایەوە. هەندی کەس دەرکەوتنی نەتەوە بەچەمکی نوی لەئەوروپای سەدەی نۆزدەم بۆ دوو هۆی سەرەکی دەبەنەوە: هێزی هوشیاری سیاسی ڕۆڵەکانی گەل و شۆڕشی ئابووریی پیشەسازی.(45:16).
دیارە هەستی نەتەوایەتی هاندەرێکی بەهێزە بۆ یەکگرتنی نەتەوە ژێردەستەکان "هەستی نەتەوایەتی بزوێنەرێکی بنچینەییە بۆ دەوڵەت لەهەوڵەکانیدا بۆ رزگاربوون لەدەستێوەردانی دەرەوە، یان داگیرکردنی بیانی و بۆ جەخت کردن لەسەر پایەی خۆی بەرامبەر کۆمەڵی نێودەوڵەتی"(83:19) هەر ئەم هەستەشە ڕۆڵەکانی نەتەوە هان دەدا بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن: "بیری نەتەوایەتی کۆڵەگەیەکی تۆکمەیە لەدروستکردنی هەستی هاوکاری و

کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتدا هۆی یەکگرتنی تاکە لەگەڵ کۆمەڵ و قووڵکردنەوەی هەستی خۆدانە پاڵ کۆمەڵی تێدایە"،(15:33) هەندی زانای کۆمەڵناسی دەوڵەت بەنەتەوە دەبەستنەوە: "دەوڵەت ئەو تەنە سیاسی و یاساییەیە کە ژیانی کۆمەڵە کەسێک ڕێک دەخا کە نەتەوە –nation- پێک دێنن"(72:19) کە نەتەوە بنچینەی دەوڵەت بی، زمانیش لەدەوڵەتی نەتەوەییدا بنچینەیەکی زۆر کاریگەرە، بەلای (کالیتون هاینەر): "زمانی نەتەوایەتی کاریگەرییەکی دووچەندانی هەیە، لەلایەکەوە پەیوەندی پێکەوەلکانی ئەندامەکانی نەتەوە ئاسان دەکات و کەلەپووری مێژوویی نەتەوەکە دەپارێزی کە ئەدەب و بەهاو نەریت و بیروباوەڕ دەگرێتەوە، ئەمەش لەکۆتاییدا هەستی تەبایی لای قسە پێکەرەکانی دروست دەکا، لەلایەکی تریشەوە زمانی نەتەوایەتی جەخت لەسەر ئەو جیاوازییانە دەکات کە نەتەوەیەک لەنەتەوەیەکی تر جودا دەکەنەوە"(15:33). بۆیە زمان لەدەوڵەتی نەتەوەییدا جێگایەکی بەرزی هەیە.

تەوەری سێیەم:
هەستکردنی حاجی بە نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد

حاجی قادری کۆیی لەسەدەی نۆزدەمدا ژیاوە، کە سەدەی سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی و گورسەندنی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانییە لەوڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیا دژی داگیرکەران. حاجی لەشارێکی وەکوو کۆیە خوێندوویەتی و پێگەیشتووە کە هەموو ناکۆکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوسای تێدا بووەو کۆمەڵی شاعیرو رۆشنبیری چاکیشی بەخۆوە گرتووە، جگە لەوەی کۆیە خۆی لەسەر رێگای کاروانی بازرگانی ئێران و عیراق و شام بووەو سنووری بەیەک گەیشتن، زۆر جاریش پێکدادانی، دوو ئەمارەتی کوردی بووە: سۆران و بابان، ئەمانەو هۆکاری خودیش کە لەبەهرەو توانای حاجی خۆی دەنوێنی وەکوو هەڵکەوتوویەکی بی باوک. ئەمانە هەموو وایان لەحاجی کردووە بەچاوێکی کراوەوە دەوروبەرەکەی هەڵسەنگێنی و بیر لەدەردە کوشندەکانی کۆمەڵی کوردەواری بکاتەوە کە لەهەمووی سەخت تر ژێردەستەیی و بی دەوڵەتی بووە بەتایبەتی دوای ئەوەی ناکۆکی لەگەڵ دواکەوتووەکانی کۆیە گەیشتە رادەی تەقینەوەو ناچاربوو پشت لەزێدی خۆی کۆیەو روو لەئەستەنبوڵ بکا. لەوی، حاجی دونیایەکی ترو رۆشنبیری و ئاگادارییەکی فراوانتری لەبەردەم بووەوە. ئەمە هەمووی کارێکی وای کرد حاجی ببی بەنەتەوەییەکی پێشکەوتخوازو روناکبیرێکی ئاسۆ فراوان و هەستێکی قووڵ بەبی دەوڵەتیی کورد بکات و بانگی رۆڵەکانی کورد بکات بۆ ئەوەی بیرێک لەخەڵک و خۆیان بکەنەوەو پاشکەوتەیی خۆیان ببینن و خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بکەن.

هەستکردنی حـــــاجی بەنەبوونی دەوڵـــــــەتی کوردی، لەکاتێکدا کە کەم خوێندەواری وەکو ئەم، بیـــــریان لەشتی وا دەکردەوە، بۆ ئەم هۆیانە دەگەڕێتەوە:

1.ئاگاداربوونی حاجی لەمێژووی شکۆمەندی کوردو بەراوردکردنی پەستی و دواکەوتنی سەردەمی خۆی و هەوڵدانی بۆ زیندووکردنەوەی ئەم رابردووە سەرکەشە وەکوو ئاماژە بۆ سەلاحەددین و نوورەددین و ئەردەشێرو قوبادو میرەکانی ئەمارەتەکان کە:

ئەمانە پاکیان کوردن بوون نیهایەت

لەبەر بی دەفتەری ون بوون و فانی(146:6)

ئینجا یادی سەربەخۆیی گەورەکانی کورد دەکاتەوە کە سوڵتانی میللەت بوون و سوپاو زانستی پێویستیان لەبەردەستدا بوو:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازادو سەربەخۆ بوون

سوڵتانی مولک و میللەت ساحیبی جەیش و عیرفان(86:6)

سەراپای هۆنراوەی (لەڕۆما کەوتە بەرچاوم)(91:6) بەراوردە لەنێوان رابردووی سەرفرازو گەشی کوردو ژێردەستەیی ئێستایان. باسی ئەوە دەکا وەختی خۆی هەموو شا بوون، بی غەم و شادمان بوون و هەمیشە لەمەیدانا نەعرەتەی تەقل ەو جلیت و رمب و رمبازی بوو، زورناو دەهۆڵ کوتان و شادی بوو، نەڕەی سوارو بەرقی شەشخانەو تەققەی ناڵ و رەققەی پۆبزو قەڵغان بوو، هەرگیز کەسێکیتر لەڕیزی زەبرو زەنگی ئەوان نەبوو، کەچی ئێستاکە کۆشک و سەرایان کەلاوەی کوندەو مەیدان و دیوانیان بۆتە جێی کەسانی گەڕیدەو بی ریوجی، کوردستان پێشان لانەی پڵنگ و شێری ئازا (سەرکردەو شۆرە سواری بەجەرگ) بوو کەچی ئێستا مارومێرو گورگ و رێوی (دوژمنی داگیر) کردوویانە بەسەیرانگا. دیارە ئەم بەرامبەرکردنە، هەستی زیندووکردنەوەی ئەم شکۆمەندییەی لەلا جوولاندووەو وای لیکردووە بەو ئامرازە کاریگەرەی بەدەستییەوەیە (شیعرو زانست) کورد هوشیار بکاتەوەو هانی بدا لەژێر دەستەیی دەربچی و وەکوو باوک و باپیران بەو سەربەرزی و دەبدەبەیە بژی.

2.خوێندنەوەی بەرهەم و ئەدەبی کوردی و شارەزابوونی لەبیروبۆچوونی زاناو شاعیرانی کورد، بەتایبەتی ئاگاداربوونی لەبیرە نەتەوەییەکانی شاعیری سەدەی حەڤدەم، خانی (1650-1707) کە لەدیباجەی مەم و زیندا ژێردەستەیی کورد رەت دەکاتەوەو دوو زلهێزەکەی ئەوسا (رۆم و عەجەم) رسوا دەکات و داوای یەکێتی کورد دەکا بۆ دەرچوون لەو زیللەتە. حاجی لەم ئەرکی ورياکردنەوەیەدا بنچینەی نەزمی کوردی هەر تەنیا بۆ خۆی و بۆ (شێخی خانی) داناوە، تەنانەت جارێکیان خوێنەر حەواڵەی دیباجەکەی (مەم و زین) دەکا بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەحواڵیان بیت (دیباجەکەی مەم و زین حاڵیت دەکا چڵۆنە ئەحواڵیان). حاجی لەهۆنراوەی (شەهسواری بەلاغەتی کوردان)دا، مێژووی ئەدەبی کوردی هەڵدەداتەوەو یەک یەک بەشاعیرانی کورد هەڵدەڵی. ناوی زیاتر لە(30)شاعیر دێنی جگە لەئاماژەکردن بۆ داستانی وەکوو (محەمەد حەنیفە)و (دمدم)و (ئەسپی رەش)و..

3.ئاگاداربوونی حاجی لەباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ئایینی ئەوسای کۆیە (کە رەمزی هەموو کوردستانە لای حاجی). حاجی زۆر ناوچەی کوردستان گەڕاوە، بۆ خوێندن (چۆتە هەولێر، چۆتە خۆشناوات و چۆتە کوردستانی ئێران و بۆ ناوچەی باڵەکان)(11:11)، دوو ساڵیش لەئێران ماوەتەوە. لەشیعرێکدا ئەم گەشتەی باڵەک بەبیر مەلا عەبدوڵڵای جەلی دێنێتەوە کە لەو سەفەرەدا نەکەوشی بووەو نەکالەک. حاجی بەم هەڵسەنگاندنەی

باری ژیانی کورد وەک پێشەنگێکی رۆشنگەری (تنویری) لەکوردستان دیویەتی چۆن کورد بەدەست ئاغاو شێخ و مەلای ناڕاستەقینە دەتلێتەوە. دەبینی سەد شێخ و مەلاو ئەمیرو خانی بۆ رابواردنی خۆیان:

قوریا بەهەموو وڵاتەوەدا

تا مولک و رەعییە پاکی فەوتا(300:6)

لەڕووی سیاسیشەوە، حاجی کوردستانی بەدابەشکراوی دیوە لەنێوان عوسمانلی و سەفەوی، کە کوردستانیان داگیرکردووەو هەر کاتێکیش لەسەر سنووری ناو جەرگەی کوردستان تێک گیرابن، کوردیان بەگژیەکەوە ناوە، حاجیش وەکوو خانی ئەم کورد تێک بەردانە رەت دەکاتەوە. جگە لەوەی حاجی خۆی رووخانی ئەمارەتە کوردییەکانی ئەوسای دیوە (بۆتان)و (سۆران)و (بابان)و (ئەردەڵان). هەڵبەت لەناوبردنی ئەم ئەمارەتانە کە جێی ئومێدی دواڕۆژ بوون کاری زۆری کردۆتە سەر حاجی کە لەناخەوە هەست بەکوژانەوەی ئەم چرای ئومێدانەی کورد بکات و هەستی نەتەوایەتی لەلا پتەوتر بی.

4.چوونی حاجی بۆ ئەستەبوڵ و ژیانی غوربەت و گیرسانەوەی لای بەدرخانییەکان کە "لەناو ئاگری بیدەرفەتی دوو هێزی موتەناقیزی (وڵات خۆش ویستن و تێدا نەحەوانەوە)دا کە ئەنجامەکەی دەرکێشرانی رەگ و ریشاڵی بوو لەناخی مەفتەن و جەرگەی خزم و خۆیش"(178:12) ئەم هەڵوێستەی هەڵبژارد، ئەگەرچی لەغوربەتدا بۆ زێدی باب و باپیرانی دەسووتی:

ئەوەی لەبەری هەڵدەهاتم ئێستاکە بۆی دەمرم

وەک زۆربەی سەرچاوەکان بۆی دەچن: "لەئەستەنبوڵ میوان و مامۆستای کورانی بەدرخان پاشا دەبی، بەهونەرو زەکای خۆی لەلای هەموو کەس خۆشەویست دەبی و لەزەمانی زوڵم و ئیستیبدادی (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا) داخیلی کۆمەڵەی کوردان دەبێت"(5:9). ئەمە هۆیەک بووە لەهۆیەکانی قووڵکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی و سیاسی، "حاجی لەئەستەنبوڵ بەشێوەیەکی قووڵ ترو گەشەدارتر درێژەی بەخەباتکردنەکەی دا"(127:5) لەلایەکی تریشەوە بەدرخانییەکان، کە حاجییان گرتە خۆیان، ماوەیەکی زۆر سەرکردەی ئەمارەتی بۆتان بوون و بۆ سەربەخۆیی کورد تێکۆشاون، حاجی دوای نسکۆهێنانی ئەم ئەمارەتەش هیوای نابڕی و تەمای بە(ئەمیرێک) هەر دەمێنی کە خۆی شێرە وەکوو ناوی و سەراپای کورد تەمایان هەر بەئەو ماوە،

ئەم شێرە ئاماژەیە بۆ ئەردەشێرو لەچەند شوێنێک حاجی ناوی دەهێنی.
ئەوەش هەیە ئەستەنبوڵ، کە پێیەکی لەئاسیاو پێیەکی لەئەوروپایە، دەرگای هاتنی بیروباوەڕو هونەرو زانستی ئەوروپایە بۆ ئاسیا، لەوێوە حاجی ئاگاداری پێشکەوتنی ئەوروپا بووە (قوللەی ئیڤل لەئەفلاکە)و ئاگاداری رزگاری نەتەوەکانی جیهان بووەو بەچاوی خۆی دیویەتی چۆن:

بولغارو سیرب و یۆنان هەم ئەرمەن و قەرەگاغ
هەر پێنجیان بەتەعداد نابن بەقەددی بابان
هەر ئێکە موستەقیللن، کوللێکی دەوڵەتێکن
ساحیبی جەیش و رایات، ئەرکانی حەرب و مەیدان(88:16)

ئەم پێنج دەوڵەتە سەربەخۆیە، کە خاوەن سوپاو ئاڵان، بەقەد بابان نابن، کەچی ئەم کوردستانە گەورەیە هەر ژێردەستەو پچڕپچڕە، ئەم راستییە زیاتر هەستی نەتەوایەتی حاجی جۆش دەداو داخو کەسەر بۆ بیدەوڵەتی و نەبوونی سوپاو ئاڵای کورد دەخوا. ئاگاداری حاجی لەدەوڵەتانی جیهان هەر بەوەندە ناوەستی، ئەو دەزانی جگە لەڕۆمی و ئینگلیزی و رووسی کە دەوڵەتی گەورەو زەبر بەدەست بوون، (دەوڵەتان بی حەددن ناویان بنووسی). ئیدی ئەم ئاگادارییەی حاجی لەدەوڵەت، کە خەڵکی هەموو دەوڵەتی خۆی هەیەو هەر تەنیا کورد لەدەوڵەت بیبەشە، وای لیدەکا ئەوەندە خەوو خواردنی لی حەرام بی، هەر ئەوەتە لەحەیفان خۆی ناخنکێنی:

قوری کوی کەم بەسەر خۆما لەغوربەت
خەوم نایی لەداخی مولکو میللەت
ئەگەر وەک من خەبەرداربن لەدەوڵەت
لەحەیفان خۆ دەخنکێنن بەبی پەت(230:6)

ئەمە هۆیەکی زۆر گرنگە بۆ بزواندن و جۆشدانی هەستی حاجی بۆ بیرکردنەوە لەدامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد.
حاجی لەهەمان کاتدا نەگەڕان بەهۆیەکی گرنگ دەزانی لەئاگادارنەبوونی خەڵکەکە لەدەوڵەتانی دونیا (چونکە هەر رێوییەک گەڕابی ئازاترە لەشێران)و ئاگادار نەبوونیشیان وایان لیدەکا بیریان بۆ دەوڵەتی کوردی نەچی چونکە ئەوان لەکونجی خۆیانەوە تەنیا دوو سەردارەکەی خۆیان (رۆم و عەجەم) دەبینن و وا دەزانن هەر ئەم دووانە لەدونیادا هەن و نەدەوڵەتی تر هەیەو نەدەبی دەوڵەتی تریش هەبی:

یەکتان نەچوونە گەردش واتی دەگەن لەدنیا
هەر پادشاهی رۆمەو شاهی عەجەم لەتاران(87:6)

لەکۆتاییدا نابی هۆکاری خودیش لەبیر بکەین کە بەهرەمەندیی حاجی خۆیەتی لەهوشیاری و ئاگاداری و هەڵسەنگاندنی وردی دیاردەکانی ئەو سەردەمە.

# بەشی دووەم
# بنەماکانی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد

## تەوەری یەکەم:
## بنەما سەرەکییەکان:

حاجی کە هەستی بەنەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد کردووە: بارودۆخی کوردی لەگەڵ بارودۆخی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان بەراورد کردووە، دیویەتی ئەو بنەمایانەی لای ئەوان هەن و پیی بوونەتە دەوڵەت، لای کوردیش هەن یان هەبوون و دەشی ئێستاش ببن و کورد دەتوانی سەرکەوتووانە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنی. حاجی ئەم بنەما سەرەکییانە لای کورد دەبینی:

1.هەبوونی خاکێک (کوردستان) کە کۆمەڵە خەڵکێکی (نەتەوەی کورد) لەسەر دەژی. ئەمە بنەمایەکی سەرەکی دەوڵەتەو هەموو ئەوانەی پێناسەی دەوڵەتیان کردووە ئاماژەیان بۆ ئەم لایەنە کردووە کە "سەقامگیربوونی کۆمەڵێک لەدانیشتوان لەسەر پارچە زەوییەک.. بەسەقامگیربوونیان کاروباری خۆیان رێک دەخەن، دەزگاکانیان پێکەوە دەنێن، کاری بەڕێوەبردن گەشە پێدەدەن، دەسەڵات دروست دەبێت و خۆی دەسەپێنێت."(20:3) کوردستان یەک پارچەیەو گەلێکی هاورەگەزو هاوزمانی لەسەر دەژی کە کوردە. بێگانەو دوژمنیش دانیان بەم راستیە داناوە، ئەدمۆنز دەڵێ: "کوردستان ئەو خاکەیە کە کورد وەک گروپێکی هۆمۆجین تێیدا نیشتەجێیە"(21:34). حاجی باسی کوردستان دەکات کە نیشتمانی کوردەو خاکێکی یەک پارچەیەو سەراپا ئاوەدانییەو پان و بەرینییەکەی بەم جۆرە دیاری دەکات:

وەسەتی پانی پانزە رۆژ رێیە
پڕ لەڕەشماڵ و خانەوو دێیە
بەدرێژیی لەقاف کەڕابوردن
تا بەشیرازو ئەسفەهان کوردن(211:6)

حاجی دەچێتە سەر چیرۆکێکی تۆفانی نووح، کە کەشتییەکەی لەسەر چیای جودی نیشتەوە "واستوت على الجودی"(1:هود.44)،

"وەستاوە لەسەر چیایەکەی جود"(195:6)و لای وایە ژیان لەوێوە دەستی پێکردۆتەوەو سی کوڕەکەی نووح (حام و سام و یافپ) دونیایان ئاوەدان کردۆتەوە. چیای جوودیش کوردستانەو لەناوجەرگەی جزیرەیە، بۆیە حاجی جزیرە (کە خاکی کوردە) بەیەکەم ئاوەدانی سەر رووی زەوی دەزانی دوای نیشتنەوەی تۆفان:

ئێستاکە جزیرە بی موحابا
مەعموورەیی ئەووەلە لەدونیا
ئەو لادی سەحیحیان بەبورهان
کوردن لەشوێنی جددی خۆیان(195:6)

حاجی لەشیعری "گوتم بەبەختی خەواڵوو"(31:6)دا بەدیمەنەکانی کوردستان هەڵدەڵی و باسی ئاژەڵ و گیاو گوڵ و بەروبووم و دیو رەشماڵ و چیاو دۆڵ و نهالی کوردستان دەکات و بەمەوە کوردستان دێنێتەوە بەرچاوی کوردو خۆشەویستی دەکا لەلای تا نرخی بزانی و هەوڵی سەربەخۆیی بدا.

2.بنەمایەکی سەرەکی تری دەوڵەت ئەو خەڵکەیە کە لەسەر خاکەکە دەژین و چەند پەیوەندییەک بەیەکەوە دەیانبەستێتەوەو یەک دەسەڵات بەڕێوەیان دەبات "گەل کۆمەڵە مرۆڤێکن لەسەر ناوچەیەکی دیاریکراو نیشتەجی دەبن و هەست دەکەن لەسەر بنەمای ئارەزووی هاوبەش بەیەکەوە بەسراون کە بایەخێکی زۆری لای ئەوان هەیە، داوای رێکخستنی هەرێمەکەیان و خەڵکەکە دەکەن لەسەر شێوەی دەوڵەتێکی تایبەتی کە پارێزگاری بەهاکانیان بکات"(114:38) هەر لەبارەی گەلەوە (رایت) دەڵی: "گەل کۆمەڵە مرۆڤێکە بەپلەیەکی تەواو هاوکاری ناوەوەو بەرهەڵستی دەرەکی دەکەن"(172:24). لای هەندێکی تر، خەڵکەکە کە یەک نەتەوەبن، "کۆمەڵە مرۆڤێکن هۆگری یەکترن و خەڵکەکەی بەیەک زمان دەپەیڤن.."(101:31) لەدەوڵەتی نەتەوەیی وادا بەهێزترین پەیوەندی نێوان خەڵکەکە ئەو زمانە هاوبەشەیە کە پێی دەدوێن و لەڕاییکردنی کاروباری ژیانیان بەکاری دێنن، حاجی جەخت لەسەر ئەم بنەما نەتەوەییە دەکات، کە نەتەوەی کورد ژمارەیان لەچاو نەتەوەو گەلە خاوەن دەوڵەتەکان گەلی زۆرە:

چوار ملیۆنە کوردستان نفووسی
بەقسەی ئەهلی تەخمینی کەنووسینی(230:6)

ئەم ژمارەیە بۆ ئەوسا گەلی زۆر بووە، حاجی لای وایە کورد ئەوەندە زۆرە بەسەد وەرز سەرژمێریان تەواو نابی:

دەزانی زەحمەتە تەعدادی یاران

بەسەد هاوین و زستان و بەهاران(248:6)
لای حاجی گەل لەخاکەکە گرنگترە، چونکە خاکێک نەتەوەیەکی لەسەر نەژی شەوقی نییەو ژیان بی دۆست و یاوەر زەوقی نییە:
مەکانە: شەوقی بەعێلاتە، پەشمە کۆنە هەوار
حەیاتە: زەوقی بەئەحبابە، بایە ئابو هەوا(35:6)
لەگەڵ ئەمەشدا، لای حاجی چەندێتی دانیشتوان ئەوەندە گرنگ نییە، ئەوەندەی جۆری دانیشتوانەکە گرنگە، واتە رادەی پێشکەوتن و شارەزایی خەڵکەکە لەکارو پیشەسازی و بەڕێوەبەرایەتی، بەلای حاجییەوە کورد:
ا.هەموو زاناو خانەدان و لێوەشاوەو ئەهلی تەگبیرن:
هەموو عالیم، هەموو شێخ و ئەمیرن
زیرەک و ژیرو ئەهلی تەدبیرن(311:6)
ب.هەموو ئازاو دلێرن، وەکو رۆستەم وان و خوێنی مەیدانیان لەکن ئاوە
ج.هەموو موسافیر پەروەر یاری غەریبن
د.کورد هەمووی زیرەکەو (مومکین نییە دەربچی لەچەنگی حەتتا رەقەم و خەتی فەرەنگی)(263:6).
هەر ئەم سیفەتانەشن بونەتە هۆی خۆراگرتن و مانەوەی کورد، کە نەتەوەیەکی رەسەنەو بەدرێژایی مێژوو، سەدەها شاهنشاو پاشا هاتن و چوون کەچی کورد هەروەکوو خۆی ماوەتەوە:
سەد شاهنشاه مردن
سەیری کە کوردی ئێمە هەر کوردن(216:6)
ئینجا حاجی بۆ بەراورد، هەندی کەسێتی ناوداری مێژوویی دێنێتەوە وەکوو ئەسکەندەرو کاوەو فەرەیدوون کە ئەوانیش هەروەکوو من و ئێوە وا بوون، نە ئەسکەندەر چوار چاو بوو، نە فەرەیدوون فیل و نەکاوە شێر بوو، کەچی ئەوان مولکی خۆیان کردە دەوڵەت، کەچی ئێمە هەر بەژێردەستەیی ماینەوە:
ئەوانەی موڵکی خۆیان کردە دەوڵەت
وەکوو بت دەیپەرستن جەمعی میللەت
میسالی ئێوە بوون یاخود وەکوو من
ئەوان بۆچی پیاون. ئێمە وەک ژن
سکەندەر بۆچی چوار چاوو دوو سەر بوو؟
فەرەیدوون فیل و کاوە شێری نەڕ بوو؟(26:6)
کەواتە حاجی باوەڕی وایە کوردیش وەکوو گەل و نەتەوەکانی تر هەقی خۆیەتی موڵکی خۆی بکاتە دەوڵەت و بەسەربەرزی بژی.

3.بنەمای سەرەکی سێیەمی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد دەسەڵات و دامودەزگای بەڕێوەبردنە. کورد هەرچەندە لەسەردەمی حاجییدا نیمچە سەربەخۆیی لەچوارچێوەی ئەمارەتێکدا هەبوو، بەڵام هەرگیز لەمێژووی نوێدا دەسەڵاتێکی سیاسی و دامودەزگایەکی بەڕێوەبەرایەتی دان پی نراوی لەسەرانسەری کوردستان نەبووە، بەڵام ئەمەش مانای وانییە کورد شیاوی ئەو کارە نەبی، چونکە حاجی ئەم توانایە لەڕابردووی کوردەوە بەدی دەکات:

کوا ئەو دەمەی کە کوردان ئازادو سەربەخۆ بوون

سوڵتانی موڵک و میللەت، ێاحێبی جەیش و عیرفان(87:6)

کورد دەتوانی بەم رابردووەدا بچێتەوەو زیندووی بکاتەوەو دووبارە دەسەڵات بگرێتە دەست و سوپا دابمەزرێنی و ئاڵا هەڵبکاو زانستی پێکەوە بنی. کەواتە کورد ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەم بنەمایەی بەکردەوە نییە، بەڵام لەمێژوودا هەیبووەوەو توانای هەیە دووبارە بەدەستی بێنی.

تەوەری دووەم:
بنەما ناسەرەکییەکان:

جگە لەبنەما سەرەکییەکانی باس کران، کە دەوڵەت بەبی ئەوان دروست نابی، هەندی بنەمای گرنگ هەن بەڵام ناسەرەکین دەوریان لەدروست بوون و سەقامگیربوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە. گرنگترین بنەما ناسەرەکییەکان، کە حاجی ئاوری لیداونەتەوە، ئەمانەن:

1.زمان: زمان کۆڵەگەیەکی بنچینەییە لەپێکهاتەی نەتەوەییدا. زۆربەی هەرە زۆری پێناسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە زمان لەڕەگەزە بنچینەییەکانی هێزی نەتەوەیە: "زمان هۆیەکە بۆ ئاخاوتن و مامەڵەکردن لەنێوان دانیشتوانی وڵاتدا. هۆیەکیشە بۆ پەیوەندی و پێکەوەگرێدانی دانیشتوانی دەوڵەت لەناو خۆیاندا. گرنگی زمان لەپتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی نێوان رۆڵەکانی ئەو دەوڵەتەدا دەردەکەوێت"(55:8). حاجی بایەخی زۆری بەزمانی کوردی داوەو بەلایەوە رەگەزێکی سەرەکییە بۆ لێک نزیک کردنەوەی کورد "بی ئاگاش نەبووە لەوەی کە زوبان چ دەورێک یاری ئەکا لەپێکهاتنی نەتەوەدا"(7:10)، بۆیە لای حاجی پێناسەی نەتەوەیی لەزمان چڕدەبێتەوەو هەر کوردی زمانی کوردی نەزانی، حاجی بەکوردی نازانی:

ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
موحەققەق داکی حیزە بابی زانی(146:6)

لەو سەردەمەدا زۆر کوردی زاناو نووسەرو شاعیر زمانی بێگانەیان لەبەرهەمەکانیاندا بەکارهێناوە. حاجی ئەمەی بەتوندی رەت کردۆتەوەو "لەرەزیل کردنی ئەو کەسانە کۆی نەکردووە کە بەچاوی سووک سەیری زوبانی کوردی ئەکەن"(18:10). ئەمە لەم چیرۆکەدا دەردەکەوی کە حاجی لەغەریبایەتی کوردێکی کۆیی دەبینی و باسی وڵاتی لیدەپرسی، ئەویش دەڵی تەنیا کاک ئەحمەد ماوە (تەرجەمەی شەرعو ئایەتی قورئان) بۆ کورد بکا، بەڵام ئەمانە بەکوردی دەکاو باشتر وابوو بەکوردی نەبی.

واقیعەن خزمەتی لەبۆ خوایە
چ دەبوو گەر بەکوردی نەبوایە(240:6)

حاجی لەم قسەیەی کابرا ئەوەندە دەهری دەبی، لەدین دەردەچی و تێر قسەی سووکی پیدەڵی و دەڵی"چا بوو مستم نەدا لەنێو زاری"(240:6).
حاجی زۆر بەسەر ئەو کەسانەدا دەڕوا کە زمانی کوردی خۆیان پشتگوی خستووەو بەزوبانی بێگانە دەنووسن، گلەو گازاندەی توند لەخەڵکی سلێمانی و کۆیە دەکا، کە ئەوسا بنکەی ئەدەب و رۆشنبیری بوون لەسەراپای کوردستان، دەڵی زاناکانیان هەموو بوونە ئوستادی عەرەبی و فارسی کەچی لەزمانی خۆیان نەزانن، لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانیان بەزمانی غەیری کوردییە، دوای مردن هەموو مایەپووچ دەردەچن:
چونکە سەرمایە ماڵی خەڵقی بوو
وەقتی مردن هەموو بەهیچ دەرچوو(241:6)
حاجی ئەم جۆرە نووسەرانە بەمریشکێک دەچوێنی کە (عەقڵی نەهێنی، بێت و هێلکەی مراوی هەڵبێنی).
ئینجا حاجی بەبەلاغەتی (رەوانبێژی) کوردی هەڵدەڵی، چونکە رەوانبێژی مەیدانی تواناى زمانە لەدەربڕینی هەست و بیردا، ئەگەرچی کوردی بەلاغەکەی زۆر بەهێزە، بەڵام لەبەر بیتەعەسوبی کوردان بی رەواج و بەها کەوتووە.
بەلاغەتێکی هەیە هیچ زوبانی نایگاتی
لەبی تەعەیوبی کوردانە بی رەواج و بەها(37:6)
ئەم بۆچوونەی حاجی زێدەڕەوییەکی تێدایە، بەڵام ئەمە شیعرەو لەشعردا، کە هەست زاڵە، رێگەی هووشەکاری دراوە.
حاجی زۆر هوشیارانە لەزمانانی تر دەڕوانی، بەتایبەتی زمانی نەتەوەکانی ئەوروپا کە ساڵی چەندەها زاراوە لەزمانەکەیان زیاد دەکەن بۆ بەرهەمی پیشەسازی و تەکنۆلۆجی:
سەدو پەنجا لوغەت زیاد دەکەن
ساڵی بۆ ناوی سەنعەت و فەن(186:6)
هەر لەم بەراوردکردنەی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی تر بەتایبەتی زمانێکی وەکوو فارسی، کە لەگەڵ کوردیدا دەچنەوە سەر یەک رەچەڵەک، حاجی، لەڕووی تەعەسوبەوە کوردی بەقەدیم تر دەزانی لەفارسی ،فارسی بەدزراو دادەنی لەکوردی:
با وجودی ئەگەر بکەی دیقەت
تی دەگەی کام لەکامیە سیرقەت(241:6)
جا کە کوردی لەفارسی کۆنتر بی و بەلای حاجییەوە فارسی لەکوردی وەرگیرابی بۆ دەبی فارسی راست بی و کوردی کەمی بی. لەڕاستیدا هەردوو زمانەکە دەچنە سەریەک رەچەڵەک.

جگە لەوەی حاجی هەستی کردووە کە شاعیرو نووسەرانی کورد، لەژێر کاریگەری بەرهەم و ئەدەبی (دەری و تازی-فارسی و عەرەبی) زۆر وشەیان لەم زمانانە وەرگرتووە، حاجی ئەم دیاردەیە رەت دەکاتەوە، هەوڵی پاککردنەوەی زمانی کوردی دەدا، خۆی پێش کەسانی تر ئەم رێبازە پەیرەو دەکات.

عیباراتی دەریو تازیم نەهێنا
دەزانی ماڵی خۆمە مەردی دانا(243:6)

سەرەڕای ئەمانە حاجی کە لەزمانی کوردی دەدوی هەنگاو بەرەو زمانی یەکگرتووی کوردی دەنی و داوا دەکا هەموو کورد لەفێرکردن و نووسین و زمانو بەرگو دابونەریت و ئایین ببن بەیەک:

لەبۆتان تا بەبانو سەرحەدی رەی
لەئەولاتر وەها نۆش بێتە سەر دەی
ببینە یەک لەتەعلیم و لەنووسین
جلوبەرگ و زوبان و رەسم و ئایین(223:6)

ئەمەشی لەمیللەتانی ترەوە بۆ هاتووە، بەگەورەو بچووکەوە، کە ئەوان وڵاتیان وەکوو بووک خەمڵی وەو:

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک رەنگ
بی غەیبەت و عەیب و عارو بیدەنگ(199:6)

حاجی هەر لەهەنگاونانی بەرەو زمانی یەکگرتوو، وشەو دەستەواژەو داڕشتنی زاری جیاجیای کوردی بەکارهێناوە وەکو: (باب، باوک، مست، دڵم داوە، خاکە مە، ئەمیستا، لەکوی ما، پێخەف، سەرین، سوور، چووک، بچووک، بچکە، بەن).

پاشان، حاجی تاوانی پەرتو بڵاوبوونی زمانی کوردی و بایەخ پێنەدانی، بۆ خۆمان دەباتەوە، کە ئێمەین زمانەکەمان پشت گوی خستووەو ئاوڕی لینادەینەوە.

لەفزی کوردی بڵاونەبوو، گرد بوو
وا لەمابەینی ئێمەدا تیچوو(240:6)

بەم جۆرە حاجی بایەخێکی زۆر بەزمانی کوردی دەداو بەپێناسەی کوردی دەزانی و داوای پێش خستن و یەکگرتنی دەکا.

2.ئایین: ئایین دەورێکی دیاری لەپتەوکردنی پەیوەندی رۆحی نێوان رۆڵەکانی سەر بەو ئایینە هەیە، ئیبن خەلدوون لای وایە: "ناشی نکووڵی لەڕۆڵی ئایین بکری، چونکە بانگێشتی ئایین، لەپاڵ هێزی تیرەگەری هێزی دەوڵەت پتەوتر دەکات"(158:17) ئەو دەوڵەتەی لەسەر بنەمای یەکێتی ئایین دروستبووبی هێزو گورێکی زیاتر لەناو دانیشتوانەکەدا دروست دەکا، ئەم هێزە رۆحییە گیانی بەرگریشیان لەلا قووڵتر دەکاتەوە. ئایین"زۆر جار دەبێتە رێنماییکەری ژیان و

سیاسەتی دەوڵەت بەم پێیەی کە ئایین پەوتر بکاو ببی بەتوخمێکی سەرەکی هێزی سیاسی دەوڵەت"(60:20) بەلای هەندێکی ترەوە "ئایین رەگەزی ئەتنۆگرافی سێیەمە کە کار لەپێکهاتەی دەوڵەتی سیاسی دەکا"(254:30). بەڵام ئەگەر ئایینی جۆراوجۆر لەچوارچێوەی یەک دەوڵەتدا کۆببنەوە، واتە دەوڵەتەکە دەوڵەتێکی تاکە ئایینی نەبی، بەڵکو فرە ئایین بی، ئایین "هۆکارێکە لەهۆکارەکانی جوداکردنەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی."(174:27).

حاجی شانازی بەوانە دەکا کە بەشێوەی راست و بی درۆو ریا خزمەتی ئایینیان کردووە:

یەک بەیەک حافیزی شەریعەت بوون

سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون(213:6)

بەڵام حاجی زۆر وردبینانە مەلاو شێخە راستەقینەکان و ریاکارەکان لەیەک جیادەکاتەوە لەکاتێکدا کە بەپیاوە ئایینییە راستەقینەکان هەڵدەڵی، زۆر بەتوندی دژی ریاکەرەکان رادەوەستی و فێڵەکانیان رسوا دەکا. شێخی قۆڵ پرو تەکیەی شوێنی تەمبەڵی، دەخاتە بەر پلار:

خانەقاو شێخو تەکیەکان یەکسەر

پێم بڵێن نەفعیان چییە ئاخر(185:6)

داوا لەخەڵک دەکا شێخە ریاکارەکان دوورکەونەوە:

دەخیلی شێخ و مێخ مەبن ئەبەدا

هیچ کەس رزقی هیچ کەسی نادا(186:6)

نەک هەر شێخ و سۆفی و دەروێشەکان دەداتە بەر توانج، بەڵکو ئەو مەلایانەش رەت دەکاتەوە کە هەر خەریکی (قەیدو تەزبیح و شەرح و حاشیەن) چونکە بەلای حاجییەوە، ئەمانە ری لەزانیاری راستەقینەو پراکتیکی کوردان دەگرن:

قەیدو تەزبیح و شەرح و حاشیەکان

بوونە سەددی مەعاریفی کوردان(227:6)

هەر بۆیەشە هەموو زاناکانمان بیسوود مانەوە بۆ میللەت و هەموو لەبەحری وشکی هەوادا خنکان. داوای ئەوە دەکا کە هەموومان ببینەیەک ئایین چونکە یەکێتی ئایین ریزەکانمان پەوتر دەکات.

3.ئابووری: مەبەست لەئابووری ئەو بەرهەمانەی سروشتە کە مرۆڤ بۆ خۆشگوزەرانی و پێشخستنی شارستانێتی خۆی سوودیان لیوەردەگری. ئەویش ئەو درامەتەیە کە مرۆڤ لەسەر خاک و لەژێر خاکی وڵاتەکەی دەستی دەخا بۆ ئەوەی بەئامانجی تێرکردنی پێداویستییەکی دیاریکراو بگات، ئەویش یان بەئامادەیی لەسروشتەوە وەری دەگری، یان ئیشی لەسەر دەکات بۆ ئەوەی

"لەگەنجینەی خاوەوە بیگۆری بۆ سامان کە بەهایەکی ئابووری هەبی لەشێوەی کاڵا، یاخود راژە"(14:35) ئابووری لایەنە سەرەکییەکانی ئابووری دەرامەتی خۆراک و دەرامەتی کانزاو بەرهەمی پیشەسازی و بازرگانی و.. دەگرێتەوە.

ا.دەرامەتی خۆراک:
خۆراک پێویستی یەکەمی بەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤەو حاجیش دەرکی بەم راستییەکردووە "لەئەلزەمی ئەشیا ئەووەلەن خواردنە" خۆراکیش و پۆشاکیش لەزەوییەوە دی، "دانیشتووان پێویستیان بەزەوییەکە کە خۆراک و پۆشاک و شوێنی نیشتەجی بوونیان بۆ دابین بکات، هەتا ئەو زەوییە رووبەری فراوانتر بێت و پێویستە مرۆییەکان دابین بکات، ئەوەندە هێمنی و ئاسایش دەپارێزری لەکاتی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و سیاسیدا"(222:8). حاجی کوردستان بەشوێنێکی بەپیت دەزانی کە هەموو جۆرە خۆراکێکی لی بەرهەم دی:

بەراوو ئەرزی ئێوە کیمیایە
دورو گەوهەر گەزۆو مازی چیایە(259:6)
.........

گەنمتان زێرە، هەتا زیوە زیوان
لەدەوڵەمەندی رەزو باخو میوەدا دەکی
لەدەوری کوللی باغی شاری کۆیی
دوو سەد بن داری زەیتوونی بەجۆیی(259:6)
.........
بەهاری بۆ گۆل و بۆ میوە پایز
نەزپری گەر بڵێم نابی بەجایز(251:6)

خەڵک هان دەدا بۆ ئەوەی شاخ و داخی وڵات لەبەینی خۆیاندا دابەش بکەن (کە رەگەزێکی چاک کردنی کشتوکاڵە) بۆ ئەوەی کەس بیکارو دەرامەت نەبی و وڵاتیش دەوڵەمەندو ئاوەدان و بەرهەمدار بی:

لەبەینی میللەتی خۆتان بەیاری
بکەن تەقسیمی شاخ و دارو باری(259:6)

لۆمەو گازاندەی ئەوە لەخەڵکەکە دەکا کە خاکی کوردستان بەچاکی سوودی لیوەرنەگیراوەو میوەی بەنرخی لینەچاندراوە:

وەیا کەی نێژراوە چەند نەمامەک
لەنارنج و تورونج و هەر مەقامەک(259:6)

ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە ئێمە نەتوانین خاکی خۆمان دابچێنین و بچین لەوڵاتی ترەوە بەرهەمی کشتوکاڵی بێنین:
لەبەغدا بۆچی خورما بێتو لەیموون
لەبۆ دەرمان لەشار بی رۆنی زەیتوون(258:6)

ب.دەرامەتی کانزا:
دەرامەتی کانزایی ڕەگەزێکی سەرەکییە لەبەرهەمی پیشەسازی و ئەو خاکەی کانزای زۆربی، دەتوانی پیشەسازی قورس دابمەزرێنی و ئابووری خۆی پێش بخا. حاجی ئاماژە بەکانزای زۆرو جۆراوجۆری کوردستان دەکا کە لەپێش هەمووشیانەوە نەوت دی. ئەو کانزایە چ بەخاوی بفرۆشری و چ پیشەسازی لەسەر بکری، لەهەردوو باردا ئابووری وڵات دەبووژێنێتەوە:
مەعادین خاتری تۆ بی لەگەڵ کان
.............
ڕەژووی واپۆرو خویو و نەوت و گۆگرد
لەکێوی ئێوەدا کۆیە وەکوو گرد(259:6)
بەڵام دوو داگیرکەرەکەی کوردستان (رۆم و عەجەم) بەروبووم و کانزای وڵاتی ئێمە بۆ خۆیان دەبەن و ئابووری خۆیانی پی پێش دەخەن و ئێمەش دەبی هەر چاو لەدەستی ئەوان چرکەینەوە. لەم بارەیەوە کورد بەکرمی ئاوریشم و مێش هەنگوین دادەنی کە یەکەم بەژیانی خۆی ئاوریشم بەرهەمدێنی و دووەم هەنگوین، کەچی رۆم و عەجەم دەستیان بەسەردا دەگرن، یەکی هەنگوینەکە دەکاتە کاسەو دەیخواو ئەوەیتر ئاوریشمەکە دەکاتە کەواو دەیپۆشی:
حاێیلی ئێمە وەک دەکەم تەخمین
کرمی ئاوریشمین و مێش هەنگوین
............
ئەمە دەیکاتە کاسە دەینۆشی
ئەو کەوای لیدەکات و دەیپۆشی(227:6)

ج.بەرهەمی پیشەسازی:
حاجی لەئەنجامی گەڕان و خوێندنەوەیدا شارەزای پیشەسازی وڵاتە پێشکەوتووەکان بووە، ئاگای لەشەمەنەفەرو تەلیگراف و پاپۆڕ هەبووە. کوردیش ئەگەرچی بەرهەمی خاوی پیشەسازی زۆرەو رۆڵەکانی خاوەن بەهرەو شارەزان، بەڵام لەبەر کەمتەرخەمی هیچ پیشەیەک فێرنەبوون، هەر خۆیان بەشتی پروپوچەوە خەریک کردووە، بۆیە لەزاناکان دەگری کە:

سنعەتێک فێرنەبوون لەپاش تەحێیل
سەیری چلۆن بۆ مەناهی بوونە دەلیل
یەک بەیەک بوونە خائینی دەوڵەت
خائینی مولک و دوشمنی میللەت(236:6)

هۆی خیانەتی ئەمانە بۆ ئەوە دەباتەوە کە هیچ پیشەیەک فێرنەبوون، بۆیە هەر بەپاشکەوتوویی مانەوەو بوون بەژێردەستەو هەڵقە لەگوێی دوژمنان.

تەوەری سێیەم:
بنەما لاوەکییەکان

جگە لەو بنەما سەرەکی و ناسەرەکییانەی باس کران، هەندی بنەمای لاوەکی تر هەن بۆ پتەوکردن و راگرتنی دەوڵەت و زاناکانی ئەم بوارە ئاماژەیان پیداون، حاجیش لای لیکردوونەتەوەو بەشێوەی لابەلا باسی کردوون، ئەمەش هەندی لەو بنەمایانەیە:

1.وەچە-العرق-race:

وەچە وەک لەپێناسەی زاناکانی مرۆڤناسییەوە (ئەنسرۆپۆلۆجیا) هاتووە"کۆمەڵە مرۆڤێکن بەوە دەناسرێتەوە کە سیفاتی بۆماوەیی و جەستەیی تایبەتییان هەیە پێی دەناسرێنەوەو کۆمەڵێک لەکۆمەڵێکی تر جیا دەکەنەوە"(157:29) گرنگترین سیفەتی جیاکەرەوەی هەر وەچەیەک لەمانەدا دەردەکەوی، "رەنگی پێست و رەنگ و جۆری قژو شێوەی کەللەسەرو رەنگ و شێوەی چاوو درێژی باڵا.."(796:23) زاناکانی مرۆڤناسی لەسەر ئەم بنەڕەتە وەچەکانی مرۆڤایەتییان بەزۆر جۆری جیاجیا دابەش کردووە. هەندی کردوویانە بە(3)و هەندی بە(4)و هەندی بە(5)و هەندی تا (34) یان بردووە، بەڵام دابەشبوونی هەرە باو ئەوەیە کەسی وەچە دیاری دەکات. قۆقازی و زنجی و مەغوولی، ئیبن خەلدوون لەم بارەوە بایەخی زۆر بەپەیوەندی خوێن دەدا "وەچە هیچ هێزێکی نییە، شتێکی وەهمییەو راستییەکی نییە ئەگەر لەبارەی پەیوەندی خوێنییەوە زیندوو نەکرێتەوەو وزەی پینەدری"(78:2) حاجی قادر ئاوری لەوەچەو سولالەی دێرینی کورد داوەتەوە:

خۆ دەزانن سولالەیی ئەکراد

لێرەوە بگرە تا دەگاتە قوباد(211:6)

لەنیوە دێرێکیتر ئاماژە بۆ یەکێتی رەنگ دەکات کە یەکێکە لەسیفەتەکانی دەستنیشانکردنی هەر وەچەیەک و لەباسی (ئەنواعی میللەت)دا دەڵی:

یەک بەرگن و یەک زوبان و یەک رەنگ(199:6)

2.مێژووی هاوبەش:

مێژووی هاوبەش، بەتاڵی و سوێری و خۆشی و ناخۆشییەوە، رۆڵەکانی یەک نەتەوەو دەوڵەت لەیەک نزیک دەکاتەوەو قووڵاییەک بەهەستی خۆدانە پاڵ یەکتریان لەلا دروست دەکات "مێژووی هاوبەش جەخت لەسەر هەستی ئینتیما دەکات بۆ نەتەوەیەک و هەستی شانازی و خۆرانان بەهەموو ماناوە دەگەشەنێتەوە، یەکڕایی لەسەر ئەوە هەیە کە جەنگ بەهێزترین رووداوە لەمێژووی نەتەوەدا کە ئەم هەستە توندوتۆڵ دەکات، چونکە جەنگ کارەساتێکی نەتەوەییە هەستی نەتەوایەتی لەیەک بۆتەدادەتوێنێتەوەو ئارەزووی رۆڵەکان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هەڕەشەی دەرەوە زیاد دەکات"(75:19).

حاجی زۆر چاک ئەم راستییەی دەرک کردووە، بۆیە لەشیعرەکانیدا بەمێژووی کوردو گەلانی تردا چۆتەوەو دەیەوی کورد دەرس لەمێژووی

خۆیو مێژووی گەلانی تر وەربگری. حاجی باس دەکا کە ئەو (گورد)ەی شانامە باسی دەکا هەموو کوردن.
گوردی شانامە پاکیان کوردە
کافی ئەم سافە کافی ئەو وردە(212:6)
لەهەمان کاتدا ئاگاداری مێژووی دێرینی وڵاتی ئێران بووە:
وەکو بیستوومە ئەی یاری نیک وپەی
لەتەئریخی جەم و ئەسکەندەرو کەی(254:6)
هەر بەم ئاگادارییەش، وەکوو لەپێشەوە دیمان، رۆڵەکانی کورد بۆ نەوەی نووح دەباتەوە کە کەشتییەکەی لەناو جەرگەی کوردستان نیشتەوە. تەنانەت لەزانیاریش هەر دەگەڕێتەوە سەر مێژووی کوردو دانانی بنچینەی زانست لەکوردستاندا بۆ باپیرانی کورد دەگێڕێتەوە:
بەغەیری جەددی ئێوە کیهە دانا
لەکوردستان ئەساسی عیلمی دانا(246:6)
هەروەها لەشیعری (شەهسواری بەلاغەتی کوردان)دا مێژووی ئەدەبی کورد دەور دەکاتەوەو ناوی کۆمەڵە شاعیرێکی گەورەی کورد دێنی و لەپێش هەموویانەوە (خانی) دێ. حاجی زۆر کەوتۆتە بەر کاریگەرە دیباجەکەی مەم و زین چونکە باسی رەوشی ئەوسای کورد دەکات و دەست دەخاتە سەر دەردی دواکەوتنی کوردو ئامۆژگارییان دەکات بۆ یەکێتی تا لەژێر دەستەیی دەربچن.
حاجی کەلێنێکی گەورە لەوەدا دەبینی کە کەسێکی وا لەناو کورد هەڵنەکەوت:
بکا سەیری جەریدەو حاڵی و میللەت
کتێبی تازەوو تاریخی دەوڵەت(221:6)
وردیی حاجی لێرە لەوەدایە کە رابردوو و ئێستا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەو کوردێکی دەوی رۆژنامە بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی ئاگاداری رووداوەکانی ئێستای دونیا بی و بچێتەوە سەر کتێبی تازە بۆ ئەوەی ئاگاداری تازەترین بابەتی ئەدەبی و فیکری و سیاسی بی، لەهەمان کاتیشدا سەیری مێژوو بکات، چونکە پێکەوە بەستنەوەی ئێستاو رابردوو، ئاسۆی دواڕۆژ لەبەردەم مرۆڤ رۆشن دەکات.

3.پەیوەندی ناوەوەو دەرەوەی دەوڵەت:
یەکی لەبنەمای چەسپان و بەردەوام بوونی دەوڵەت پەیوەندی ناوەوەو دەرەوەیەتی. رێکخستنی ئەم پەیوەندییانە ئەرکی دەوڵەتە لەناوەوەو لەدەرەوە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و دابینکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوان "هەر کۆمەڵە کەسی

لەسەر پارچە زەوییەک بژین، حکوومەتێک سەرپەرشتی پەیوەندی ناوەوەیان نەکات و پەیوەندی دەرەوەی لەگەڵ دونیادا نەبی، ئەم کۆمەڵە دەوڵەت پێک ناهێنن"(99:30). پەیوەندی ناوەوە کە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکات بریتیە لە: "پاراستنی ئاسایشی هەموو گەل و دابینکردنی هەموو پێویستییەکانی خۆراک و خزمەتگوزاری زانستی و تەندروستی و جێبەجیکردنی چالاکییە جیاجیاکانی ئابووری وەکوو کشتوکاڵ و ئاودێری و پیشەسازی و بازرگانی.."(99:30) حاجی ئەو پەیوەندییە لەنێوان ئەمین ئاغاو حەماغای ساحیب کارو خەڵکەکە دەبینی کە ئەمانەن:

ئەمین و پشتیوانی قەیری میللەت

نیگەهبان و خەزینەی دین و دەوڵەت(253:6)

لەشوێنێکی تریش ئەو پەیوەندییە لەنێوان سەخییەکی وەکوو حەماغاو رۆڵەکانی وڵاتەکەی دەبینی و خەڵک هان دەدا بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکوو ئەو خزمەتگوزارو چاکەکارو فەقیر دۆست بن:

کەسی پیاوە کە دانی وەک حەماغا

لەبۆ ئەبنایی جنسی نان و خوانی(147:6)

نموونەیەکی تریش بەئەمین ئاغا دێنێتەوە کە پاسەوانی قەسری میللەت دەکات و ليناگەڕی بکەونە بەر دەستدرێژی:

وەیاخود وەک ئەمین اغا بەهیممەت

بکا بۆ قەسری میللەت پاسەبانی(147:6)

لەهەمان کاتدا دەبی ئەو نەتەوەو دەوڵەتە پەیوەندی تایبەتی لەگەڵ دەرەوەدا هەبی و "پەیوەندی دەرەوەی دەوڵەت ئەوەیە کە دەوڵەتی فەرمانڕەوا هەوڵ دەدا بەرژەوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانی تردا ئاڵوگۆڕو بکات لەهەموو بوارەکانی چالاکی ئابووریدا.." حاجی لەنەخشەڕشتنی سیاسی پەیوەندی دەرەوەدا هەمیشە بەهوشیاری دۆست و دوژمنی لێک جیاکردۆتەوە:

رۆمی وەکوو بەنی موون کەسیان پشتیان پی نەبەستی

کەوتوونە داوی خۆیان، سەر گەشتە ماون و حەیران(86:6)

دەیەوی پەیوەندییەکانی دەرەوە لەسەر بنچینەی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی کورد بیو ئەگەر پێویستی کرد بەئۆین خۆیان بدەنە پاڵ دەوڵەتێک (هەر هیچ نەبی بەئۆین تابیع بەدەوڵەتی بن"و هەروەها ئەو پەیوەندییەی دەرەوە بۆ فێربوونی هونەرو زانست و زانیاریش دەچی کە داوا دەکا کورو منداڵیان بنێرنە ئەوروپا بۆ فێربوونی هونەرو زانست و پیشەسازی و داوا دەکا بچن زانست فێربن جا لەهەر کوی بی (تا ئەگەر لەچینیش بی)و لای هەر کەسی بی (تا ئەگەر هیندو جووش بی).

# بەشی سێیەم
# بەرەو دەوڵەتی کورد

## تەوەری یەکەم:
## هۆی دروست نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد

حاجی کە دەبینی کورد جگە لەدەسەلاتی سیاسی، هەموو بناماکانی دروستبوونی دەوڵەتی تێدایە، کە لەهی زۆر نەتەوە زیاترو بەهێزتریشن و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بوون بەدەوڵەت و کورد هەر بەبی دەوڵەت ماوەتەوە، ئیدی بەدوای هۆیەکانی ئەم بی دەوڵەتییەی کورددا دەگەڕی، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

1.دووبەرەکی و ناتەبایی و خۆخۆری:
ئەمە ئەو دەردە کوشندەیە کە بەدرێژایی مێژوو یەخەگیری کورد بووە تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان هەر ماوە. خانیش هەستی پیکردووەو زانیویەتی: "گەردی هەبوو یامە ئیتتیفاقەک" ئێمەش دەبوین بەخاوەنی دەوڵەت و پارەو ئاڵای خۆمان. حاجیش ئەمەی بەدەردی هەرە گەورەی بی دەوڵەتی کورد داناوە. گومانی تێدا نییە کورد تا ڕێک نەکەون هەروا بەدواکەوتوویی دەمێننەوە:
تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خەرابە ئاباد(199:6)
بەلای حاجی هۆی ژێردەستەیی کورد بۆ ناتەبایی دەگەڕێتەوەو هەتا کورد وەکوو ئاگری بن کا لەژێرەوە یەکتر هەڵدڕن حاڵیان هەروا دەبی و هەرچەندە سوپاو لەشکر پێکەوە بنێن، پووشەک ناهێنی:
لەبەر حیزە بخۆیی و ناتەبایی
لەژێر حیزی حیزان بوونە دۆشەک
هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک
ئەگەر تۆفان بی لەشکرتان بەپووشەک(71:6)
کورد هەرچەندە مرۆڤی ئازاو دلێرو بەتەگبیری زۆرە، زیرەکو بەهرەدارو لێوەشاوەی هەیە:
ولیکن فائیدەی چی هەرج و مەرجن
لەدەعوادا لەگەڵ یەکدی بەمەرجن(231:6)
حاجی بەئاشکرا هۆی ئەو ژێر دەستەییە لەوەدا دەبینی کە کورد (وەکو ئێستای خۆمان) بەشیر (چەک) شەڕو دەعوا لەگەڵ یەک دەکەن، کەچی نەتەوەکانیتر بۆیە بوون بەخاوەنی دەوڵەتی خۆیان چونکە ئەوان:
وەک ئێمە نین لەگەڵ یەک دەعوا بکەن بەشیران(88:6)
هەر ئەم ناتەباییەشە وای کردووە کە مەردی کۆیی (کورد) زەلیل و تەپە سەربن:
لەبەر ئەم ناتەبایی و کینە جۆیی
لەلای ڕۆمی زەلیلن مەردی کۆیی(254:6)
کە کورد لەئەنجامی ئەم دووبەرەکییە، پەرتو بڵاوبێتەوەو وەکوو ئاردی ناو دڕکی لێبی، تازە جارێکی تر زەحمەتە کۆببنەوە سەریەک و ببنەوە بەیەک، تا ئاواش پەرش و بڵاوبن، سەد جار قینیان بجووشی و هەستیان بوروژی یەک پوول ناکات و بەهیچ ناگەن:
ئەو زەمانە بوو نە ئاردی نێو دڕک
پارەیەک ناکا دوو سەد جار بێنە رک(207:6)

ئیدی بەلای حاجییەوە ئەم بی ئیتیفاقییە هەر مسکێنی و لەکۆتایشدا بەزین و هەلاتنی بەدەمەوەیە:
لەبەر بی ئیتتیفاقی بوونە مسکێن
لەئاخردا وەکوو زانیومە هەڵدێن(254:6)

2.نەزانیو دواکەوتوویی:
حاجی نەزانیو لەئەنجامیشدا دواکەوتوویی بەهۆیەکی گەورەی بی دەوڵەتی کورد دادەنی، هەر ئەم نەزانین و دواکەوتنەشە دەبی بەهۆی ئەوە کە یەک نەگرن، بەڵکو بەربنە گیانی یەکترو یەکتر لەناوببەن:
کوردی ئێمە نەزان و پاشکەوتن
پێکەوە پووش و ئاگرو نەوتن(188:6)
ئەم نەزانین و دواکەوتنەش هۆی ئەوەیە کە کورد خوێندەواری تێدا بی هێزە، لەسەر رووی زەوی هەموو میللەتێک کتێب و نووسینی هەیە، هەر تەنیا کورد نەبی:
میللەتی بی کتێب و نووسین
غەیری کوردان نییە لەڕوویی زەمین(264:6)
لەشوێنێکی تریش ئەوە دووبارە دەکاتەوە:
هەر کودە لەبەینی کوللی میللەت
بی بەهرە لەخوێندن و کیتابەت(263:6)
ئەمەش بەلای حاجییەوە هۆیەکەی ئەوەیە کورد منداڵی خۆیان نانێرنە مەکتەب، لەم رووەوە تەنانەت (جینگەنە)ش بەسەد مەنسەب لەکورد بەعاقڵتر دادەنی.
چونکە ئەوان کوری خۆیان دەنێرنە مەکتەب، کەچی کورد ئەمە ناکا، بەکورد دەڵی جینگەنە:
کوڕی خۆیان دەنێرنە مەکتەب(264:6).

3.بی خەبەری لەدونیا:
حاجی دوای چوونە ئەستەنبوڵ، ئاگاداری دەوڵەتانی ترو پێشکەوتنی پیشەسازی و دونیا بووە، ئەوسا تێگەیشتووە کورد چەند بی خەبەرن و هەر ئەم بی خەبەرییەشە کردوونی بەژێر دەستەی خەڵکی فێڵبازو بی نرخ:
لەگوێی گا نووستوون بۆیە کاڕێوی
لەسەر ئێوە وەها شێرگیرە وەک سەگ(71:6)
...........

لەگوێی گا نووستوون هەرچەندە شێرن
وەکوو کەروێشکی چاو راماوو کوێرن(231:6)

حاجی هۆی ئەم بیخەبەرییە بۆ ئەوە دەباتەوە کە کورد نەگەڕاون و دونیاو دەوڵەت و میللەتانیان نەدیوە، بۆیە تەنیا دوو داگیرکەرەکەی خۆیان (رۆم و عەجەم) دەناسن:

یەکتان نەچوونە گەردش وا تیدەگەن لەدونیا
هەر پادشاهی رۆم ەو شاهی عەجەم لەتاران(87:6)

چونکە ئەوسا هۆکاری راگەیاندن وەکوو ئێستا خێراو جۆراوجۆر نەبوو، ئەوسا هۆکارێکی گرنگی ئاگاداربوون لەدونیا گەشتوگەڕان بوو.

4.بی سەرکردەیی:

کورد هەر لەدێر زەمانەوە بەدەست بی سەرکردەیی داماوە، چونکە ئەوەی ئازاو دلێرو بەتواناش بووبی، خۆی بەرامبەر خەڵکی تر بەکەم زانیوەو خۆی بەشیاوی سەرکردەی نەتەوەو دەوڵەت نەزانیوە. ئامادە بووە ببی بەگزیری غەیرە، هەر هێندە یەکێکی خۆیی نەبێتە ئەمیر:

بۆ ئەمیرانی غەیرە دەبنە گزیر
نەک لەخۆیان یەکێکی بێتە ئەمیر(237:6)

ئەم پەسەندکردنی گزیری بێگانە بۆ رەتکردنەوە هەموو سەرکردەیەکی تری کورد، زۆر بەداخەوە تا ئەمڕۆش هۆکارێکی لەکارە بۆ ژێردەستەیی کورد، (سەیریکە قانوونی حاجی چەند چاکە)! (چۆنی فەرموو وەک کەرامەت هەمووی وەها دەرچوو).

حاجیش وەکو خانی (گەردی هەبوویا مە پاداشاهەک) هەستی بەبی سەرکردەیی کورد کردووە کە لەدێر زەمانەوە ئەمیرێک یان وەزیرێک لەکۆی (کوردستان) پەیدا نەبوو سەرکردایەتی کورد بکات بۆ ئازادی و سەربەخۆیی.

لەقۆچ پاشاوە تا ئێستا ئەمیرێک
لەکۆی پەیدا نەبوو یاخود وەزیرێک(254:6)

حاجی هۆکاری بی دەوڵەتی کورد بەوە لێک دەداتەوە کە کەسی وانەبووە، لەڕەوشی خەڵقی خاوەن دەوڵەت بکۆڵێتەوەو بزانی ئەوانە چ رێگایەکیان گرتووەو چ هۆکارێکیان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، بۆ ئەوەی ئەمیش چاو لەوان بکات و هەر هیچ نەبی سوود لەتاقیکردنەوەی ئەوان وەربگری:

کوڕێکی وانەبوو هەستێتە سەرپی
بزانی خەڵقی چۆن کەوتوونە سەر ری(231:6)

حاجی وەکوو خانی (ناموسە لەحاکمو ئەمیران) سووچی ژێردەستەیی دەخاتە ئەستۆی ئەمیرەکان.

ئەی ئەمیری کوردەکان بۆ ئێوە عەیبەو شوورەیی(176:6)

5.خزمەتکردنی بێگانەو خیانەت کردن بەکورد:
حاجی لای وایە هەر لەڕۆژی بەڕێوە بەشی کورد، بەبەندەو ئازادەوە، خزمەتی خەڵقە:
ڕۆژی ئەووەل لەبەندەوو ئازاد
خدمەتی خەڵقە قسمەتی ئەکراد(190:6)
هەرچەندە ئەمە ڕەشبینییەکی زۆری تێدایەو هیچ بنچینەیەکی زانستی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگدانەوەی مێژووی پڕ خزمەتکردنی بێگانەی کوردی تێدایە، کام کوردی هەرە بەرچاوە، دەوڵەمەندێکی خێرخوازو چاکەکارە، سەیر دەکەی بۆتە کۆیلەی ڕۆمییان:
ئەو کەسەی دەوڵەمەندی چاکە
بەندەیی ڕۆمییانی ناپاکە(190:6)
بەلای حاجییەوە کورد هەموویان:
مونقادی عەجەم، موگیعی ڕۆمن
هەر بۆیەش:
مەحکوومی خەراتو حیزو دۆمن(196:6)
واتە هۆی مەحکوومی و ژێردەستەییەکە بۆ خزمەتکردنی بێگانە (عەجەم و ڕۆم) دەباتەوە.
لەباسی (عولەما)ماندا، کە حاجی پێی وایە هەموویان بەقەوڵی بیسەروپا لەبەحری وشکی هەوادا خنکاون، کەسیان هەوڵی نەداوە دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی هونەرێک فێربی و سوودێک بەمیللەتەکەی بگەیەنی، ئەمەش وای کردووە:
یەک بەیەک بوونە خائینی دەوڵەت
خائینی مولک و دوشمنی میللەت(236:6)
حاجی لێرە لەژێر پاڵەپەستۆی ڕەشبینی بەرامبەر مەلاکان وای گوتووە، ئەگەرنا لەشوێنی تر مەلای ڕاستەقینەو خزمەتگوزاری دین و میللەت هەڵدەڵی و ڕێزیان لیدەنی.
6.تەمبەڵیو بیکارەیی کورد:
کارکردن پەنجەو باڵاو مێشکی مرۆڤی پێش خستووەو کردوویەتی بەسەرداری هەموو گیاندارانی ترو خاوەنی سروشت بەهەموو وزەو پێکهاتەکانییەوە، ئێستاش کارکردن بنچینەی پێشکەوتنە. میللەتانی پێشکەوتوو ئەوانەن کە کاتی خۆیان ڕێک خستووەو بەهێزی مێشک و بازووی خۆیان ژیاون و تەنبەڵی و بیکارییان داوەتە دواوەو هەر خەریکی کارو بەرهەمهێنان بوون. حاجی تەمبەڵی و بیکارەیی کورد

بەهۆکارێکی گرنگی دواکەوتن دەزانی، حاجی کە لەزۆر لەشیعرەکانیدا تیروتوانج لەتەکیەو خانەقاکان دەگری، هەر لەبەر ئەوەیە چونکە خەڵک فێری تەنبەڵی دەکەن و لەئیشوکارو کاسبی ساردیان دەکەنەوە:

خانەقاو شێخ و تەکییەکان یەکسەر
پێم بڵی نەفعیان چییە ئاخر
غەیری تەعلیمی تەنبەلی کردن
جەمعی ئەموال و خەزنەو کۆکردن(185:6)
جگە لەوەی خەڵکەکە (وەکو کەر) دەچنە بن باری گرانی کە چ مەشڕەبێکی بیدین کە بەحیلە مل دەنێتەبەر عیبادەت و ئەمەش تەنیا سووچێکی ئەو خەڵکە نییە، بەڵکو سووچی لەوەش گەورەتر ئەوەیە لەکەسابەت غافڵن:
لەمەش تەنها نییە سووچو خەتاتان
لەکەسبیش غافڵن میسلی مەلاتان(258:6)
نان، کە یەکەم مەرج و پێویستی ژیانە، لەکارەوپیشەدایە، نەک لەقسەو گفتوگۆ، چونکە قسە هەرگیز زگ تێر ناکا:
گفتوگۆ حاێیلی هەموو بایە
عەمەلییاتە نانی تێدایە(236:6)
هۆیەکی تری کەوتنە شوێن تەنبەڵی و ئیش نەکردنی کورد، بەلای حاجییەوە، عەوداڵی خەڵکەکەیە بەدوای شەهوەت و ئارەزوودا:
هەموو مردووی میان و سمتی خڕن
بەیتی مەدداحیان بەجان دەکڕن(190:6)
هەر بۆیە توانج لەو کەسانە دەگری کە هەر خەریکی ڕمووزو ڕازو نیازی دڵدارین و بەستەی زولفی یارن "ئەوی ئەدنایە بەستەی زولفی یارە" بۆیە زۆر بێزارە لەباسی زولفی درێژو چاوی بەخەو:
باسی زولفی درێژو چاوی بەخەو
نەبِاوە بوو بەتڕی خوسرەو(235:6)

تەوەری دووەم:
ڕێنمایی حاجی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد:

حاجی دوای دەستنیشانکردنی هۆیەکانی دواکەوتنی کوردو نەگەیشتنی بەدام و دەزگای دەسەڵاتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، هەوڵ دەدا هەندی رێنمایی بخاتە بەردەم رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ ئەوەی بتوانن تەکانێک بدەن و دەوڵەتێک دابمەزرێنن. ئەمەش گرنگترین رێنماییەکانی حـــاجییە لـــەم بـــارەیەوە:

1.حاجی باوەڕی بەخەباتی چەکدارانە هەیە، بۆیە داوا دەکات کە چەک بەهەموو جۆرەکانییەوە پەیدا بکەن و بکەونە کۆڕی خەباتەوە:

جۆشێک بدەن وەکوو هەنگ تەگبیر بکەن بەبی دەنگ

ئەسبابی شەڕ پەیاکەن تۆپ و تفەنگ و هاوان(87:6)

لایشی وایە کە چاکبوونی باری نالەباری کورد تەنیا بەچەک دەبی و بەبی چەک هەرگیز نابی چاویان لەگەورەیی بی:

سەلاحی ئێوە ئێستا کە سیلاحە

تەماعی گەورەیی بیچەک نەکەن نەک(71:6)

نەک هەر بۆ دەوڵەت، تەنیا بۆ پاراستنی دینیش هەر بۆ چەک دەگەڕێتەوەو لای وایە تەنیا بەچەک بناغەی دین دادەڕژی و دەچەسپێ:

قەسری دین، بنج و بناغەی مەحکەمی

شیروتیرە، دیرەک و تاق و خەمی(203:6)

باغی مەعادیش هەر دەخاتە بەر سێبەری تیغی جیهاد:

گوڵشەنی پڕ میوەیی باغی مەعاد

وا لەژێری سایەیی تیغی جیهاد(203:6)

حاجی، نەک هەر چەک بەتەنیا، بەڵکو زۆر جار، چەک لەگەڵ قەڵەم دەبەستێتەوە کە رەمزی خوێندەواری و زانیاری و هونەرو پیشەسازییە. یەکێتی شیرو زمان پێشتر لای خانی هاتووە (دەعوا خۆ دکر ب شیرو ئەزمان) حاجیش زیاتر جەختی لەسەر دەکات و پێکەوە دەیانبەستێتەوە.

شیرو قەڵەم شەریکن لەم عەێرەدا درێغا

شیرو قەڵەم تراشو کلانییە قەلەمدان(87:6)

بەم جۆرە شیرو قەڵەم تەواوکەری یەکترن، شیرە کە قەڵەم تیژ دەکاو واتە دەبی بەهۆی گەشەسەندنی زانیاری و لەهەمان کاتیشدا قەلەمدان بۆ شیرەکە دەبی بەکالان، واتە پارێزگاری لەشیرەکە دەکات. ئەم دووە (شیرو خامە) هۆی پایەداریی دەوڵەتن، بەڵام حاجی خۆی خامەکەی هەیە، ئەوەی لای کورد نەبی شیرەکەیە، واتە داوای پەیداکردنی شیر (چەک) دەکات تا لەگەڵ خامەی ئەمدا بناغەی دەوڵەتی کوردی بچەسپێنن:

بەشیرو خامە دەوڵەت پایەدارە

ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە(254:6)
حاجی بەشیعرەکانی وەزیفەی خۆی بەتەواوی بەجیهێناوە، خەڵکی هوشیارکردۆتەوە جا "گوێی لیدەگرن زەریفە، ناگرن بەڵا لەخۆتان":
وەڤیـفەی خۆم بەجی هێنا تەمامی
بەشیرو دەوڵەتە میللەت نیڤامی(254:6)
2.هاندانی کورد بۆ یەکگرتن (ئیتیفاق)و دوورکەوتنە لەدووبەرەکی:
حاجی لەشیعری (تاڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد)دا پێشکەوتنی کورد بەڕێکەوتن دەبەستێتەوە، تا لەنێوان خۆیان یەک نەگرن هەروا بەدواکەوتوویی دەمێننەوە هۆی ئەوەش کە ئێستا (پامالی زمانە)و (بی نەواو مەزلووم)ن ئەوەیە کە دووبەرەکییان لەنێوان دایەو (ئیتتفاق) بەمەرجی سەرکەوتن دەزانی:
ئەو شەرتە بەکوللی ئیتتیفاقە
گەر مەرعەش و وانە، گەر عیراقە(199:6)
ئیتتیفاق بەقەڵغانی گێرانەوەی رووداوە سەختەکانی رۆژگار دەزانی:
ئیتیحادی بەئیتتیفاقی ئەنام
سوپەرە بۆ حەوادیپی ئەییام(188:6)
ئینجا کورد هان دەدا بۆ ئەوەی یەک بگرن، چونکە بەو یەک گرتنە دەتوانن وەکوو ئەسکەندەری مەقدوونی هەموو دونیا بگرن:
بی ئەگەر دەستی یەکتری بگرن
وەک ئەسکەندەر جیهان هەموو دەگرن(188:6)
حاجی (کوردو رۆم-دۆم-و جوولەکە) بەراورد دەکا، راستە هەرەسێکیان پەست و بیرێزن و لەلایەن خەڵکێکی ترەوە دەچەوسێنرێنەوە، بەڵام جیاوازیی کورد لەگەڵ دووەکەی تر ئەوەیە کە کورد نیفاق و دووبەرەکی تێدایە کەچی ئەوان هەر هیچ نەبی ئیتتیفاقیان هەیە، واتە کورد لەوانیش پەست و نزمترە، ئەویش لەبەر بی ئیتتیفاقی:
رۆم و جوو چاکە ئیتتیفاقی هەیە
کوردە بی غیرەتی و نیفاقی هەیە(264:6)
ئینجا داوا دەکا کە هەموو کورد، بی چاودانە جیاوازی چینایەتی و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵەوە، ئیتتیفاقێک پەیدا بکەن:
لەم بەینە ئیتتیفاقی پەیدا بکەن بەمەردی
فەرقی نەبی شوان و جوتیارو میرو گاوان(38:6)
ئەمە بۆ قۆناغی رزگاری نیشتمانی رایەکی لەبارە، کە هەموو چینەکانی وڵات شان بەشانی یەکتر خەبات بکەن بۆ رزگارکردنی وڵات لەدەست داگیرکەر.

3.تەکتیک: حاجی باوەڕی بەوە بووە کە ئەگەر نەتەوەیەک بیەوی ئازادو سەربەخۆبی، جگە لەپەیداکردنی چەک و یەکگرتنی هەموو چین و توێژەکان، دەبی ڕێگای تەکتیکیش بگرێتە بەر بۆ ئەوەی بەسەبرو تەکتیک کاوی خۆی لەدوژمن بگری:
گەر هیچ نەبی بەئۆین تابیع بەدەوڵەتی بن
بێگانە چاکە دوشمن، نەک دوشمنی لەخۆتان(86:6)
4.پشت نەبەستن بەدوژمن: حاجی لای وایە کورد نابی هەرگیز پشت بەدوژمن ببەستی، پاشتریش هەر لەمەڵبەندی حاجیدا، دڵدار باوەڕی وا بووە (هەرکەسی چاوی لەدەستی ئەجنەبی بوو کوێر کرا)، چونکە دوژمن هەرچەندە بەڕواڵەت خۆی چاک و دڵسۆز پیشان بدا، لەڕاستیدا هەر ناپاک و بەدکارە:
رۆمی وەکوو بەینی موون کەس پشتیان پی نەبەستی
کەوتوونە داوی خۆیان، سەرگەشتەماون و حەیران(86:6)
5.فێربوونی زانست و هونەرو بەکارهێنانی لەخەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا. حاجی خەڵک هاندەدا بۆ ئەوەی، بەبی جیاوازی هەوڵ بدەن فێری زانیاری بن و داواکەی بەو فەرموودەیە پتەو دەکا کە دەڵی (اگلبوا علمکم ولو بالسین) جا سەرچاوەکەی لەهەر کوی و لای هەر کەسی بی ئەمەش بەئەرکی هەردوو رەگەزی (نێرومی) دەزانی:
تۆ وەرە فەننی فێربە چیتە لەوە
گاورە، هیندووە، وە یاخۆ جووە(187:6)
بۆ هاندانی خەڵکەکەش ئەوەیان لەپێش دادەنی کە نەک شوان و گاوان، بەڵکو خاوەنی هونەرو زانست و زانیاری دەچنە بەهەشت:
ئەهلی جەننەت نەشوان و نەگاوانە
ڎاحیبی فەنن و عیلم و عیرفانە(187:6)
ئینجا نموونەی نەتەوەکانی تر (ئەرمەن) دەخاتە بەرچاوی کورد، چۆن ئەوان بۆ هونەری شەڕو پیشەسازی و بۆ ڕێکخستنی ژیانی میللەت گەورەو بچووکیان دەنێرنە ئەوروپا، داوا لەکورد دەکا ئەوانیش ئاوها خۆیان فێری هونەری شەڕو پیشەسازی و بەڕێوەبەرایەتی بکەن:
بۆ فەننی حەرب و سەنعەت، بۆ چە بگو رەبگی میللەت
دەینێرنە ئەوروپا گەورەو بچووکی خۆیان(88:6)
6.هاندانی خەڵک بۆ کارکردن: حاجی باوەڕی بەکار هەبووە نەک بەقسە:
بەقسەی سادە میللەت تێر نابی
عەمەلە عیززی دین و دونیا بی(235:6)

بۆیە کورد هاندەدا بۆ ئەوەی واز لەبێکاری و تەنبەڵی بێنن و رووبکەنە کاروکاسبی، بۆ ئەو هاندانەش پەنا دەباتە بەر فەرموودەی پێغەمبەر (الکاسب حبیب اللّٰه)و پەندی پێشینان (دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە)و حاجی باوەڕی بەگۆڕانی باری ئابووری و گوزەرانی خەڵک هەیە بۆیە خەڵک هان دەدا تا هەمیشە لەکارو خولانەوەدابن:

لازمە خول بخۆی وەکوو بەرداش

هەموو قەرنێک دەگۆری ئەمری مەعاش(187:6)

لێکچواندنەکەی هێناویە، وردییەکەی لەوەدایە کە بەرداش خولانەوەکەی خورانییە، گۆرینی گەنمی تێدایە بۆ ئارد، کاری مرۆڤیش ئاوها دەبی گۆرینی کەرەستەی خاوی سروشتی تێدابی بۆ بەرهەمهێنانی شتی وا کە بتوانی زۆرترو باشتر سوودی لیوەربگری.

ئەوەتا کاسبی کردن و بەس، بەمایەی دونیاو قیامەت دادەنی، جگە لەوە هەموو شتێکی تری بەلاوە مایە پووچە:

لەدونیادا ئەوی باقی بمێنی

لەعوقبادا گوناهی پینەمێنی

خەریکی کاسبی و کاری حەڵاڵە

بەغەیری ئەم ئەوانیتر بەتاڵە(260:6)

تەوەری سێیەم:

ئومێدو پاڕانەوەی حاجی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی

حاجی دوای ئەم هەموو بینەو بەرەو لێکدانەوەو خەم خواردنە بەدەست دووبەرەکی و دواکەوتنی کوردەوە، وا بەچاک دەزانی دەستی پاڕانەوە لەبەر خوا پان بکاتەوە بۆ ئەوەی فریای کورد بکەوی:

کەوابوو چاکە جامەی خۆم قەباکەم

بەری دەست هەڵبڕم رووی خۆم لەخوا کەم(247:6)

ئیدی روو دەکاتە بارەگای خواو دوعا بۆ ئەمانەی خوارەوە دەکات:

1.دەپاڕێتەوە کە خوا بەرەحمەتی خۆی بینەوایانی موڵکی کوردستان لەبی ئاگایی بەخەبەر بێنی و بیانخاتە سەر رێگای راست:
یا ئیلاهی بەئایەتی مونزەل
بەچوار یاری ئەحمەد مورسەل
بی نەوایانی موڵکی کوردستان
هەر لەگاوانی تا دەگاتە شوان
لەخەوی جەهل و مەستی و غەفلەت
بەخەبەر بێنی بەنەغمەیی رەحمەت(194:6)
2.دەپاڕێتەوە کە کورد واز لەکاری بیجی بێنن (کە تەمبەڵی و دووبەرەکییە)و دوژمنی داگیرکەر وەدەرنێن:
پاکی دەرچن لەکاری نا بەمەحەل
رۆمی را فڕێنین بۆ دەری ئەسفەل(194:6)
3.دەپاڕێتەوە کورد ئاڵایەکی ببی و لەکوردستان هەڵیدا کە رەمزی دەوڵەت و سەربەخۆییە:
هەڵیکەی بەیرەقی کوردی لەدەوران
لەمابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان(247:6)
کە داوای هەڵکردنی بەیرەقی (ئاڵای) کورد دەکا لەنێوان کە کۆن و هەیبەسوڵتان (شاری کۆیە) مەبەستی هەموو کوردستانە، چونکە لای حاجی کوردستان هەموو لەشاری کۆیەو کورد هەمووی لەخەڵکی کۆیە چڕ دەبێتەوە، واتە کۆیەو مەردی کۆیی رەمزن بۆ سەراپای کوردستان و هەموو کورد.
4.دەپاڕێتەوە کە خوا ئەو پیاوە چاکانە چەپاڵە بدا کە پشتیوانی میللەت و پاسەوانی دین و دەوڵەتن و هەر خەریکی چەسپاندنی تەبایی و ریشەکێشکردنی بی ئیتتیفاقین:
لەدونیادا ئیلاهی هەر بمێنن
بنەی بی ئیتتیفاقی هەڵقەنێنن(254:6)

ئەنجامەکان

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە لەبارەی بۆچوونی حاجییە بەرامبەر بەدەوڵەتی نەتەوەیی کورد، لەمانە خەست دەبنەوە:

1.حاجی زیاد لەهەموو شاعیرو رۆشنبیرو مەلاکانی سەردەمی خۆی هەستی بەدەردە کوشندەکانی کۆمەڵی کوردەواری و تەپەسەری و ناتەبایی کوردو بیدەوڵەتیی کورد کردووە.

2.حاجی ئەم هەستەی لەئەنجامی کۆمەڵی هۆکاری جۆراوجۆری ناوەکی و دەرەکی، خودی و بابەتی، مێژوویی و هەنووکەیی لاپەیدا بووە، کە بەهەموویان کاریان لەهەست و دەروون و بیروباوەڕی کردووەو هوشیارییەکی سیاسی قووڵیان لەلا دروست کردووە.

3.حاجی بەشێوەیەکی لا بەلا هەموو بنەما پێویستییەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەستنیشان کردووە، کە لای کوردو لەکوردستاندا هەن، جا ئەمانە چ بنەمای سەرەکی بن و چ ناسەرەکی و چ لاوەکی.

4.حاجی کۆمەڵی هۆکاری گرنگی دەستنیشان کردووە کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی کوردو دامەزرانی دەوڵەتی کوردو ئەم هۆکارانە رسوا دەکات و داوای بن ڕکردنیان دەکات.

5.حاجی بارودۆخی کوردی لەگەڵ هەندی نەتەوەی دونیا بەراورد دەکات بۆ ئەوەی متمانە بەکورد بدات و بزوێنەرێکیان لا دروست بکات بۆ خەبات و تێکۆشان وەکوو ئەرمەن و جوو و جینگنەو سرب و یۆنان و قەرەگاغ و..

6.حاجی کۆمەڵی مۆچیاری و رێنمایی و پێشکەش کردووە کە ئەگەر کورد پەیرەویان بکات، بەڕای حاجی بەهیوای خۆی دەگات کە سەربەخۆیی و دەوڵەتی نەتەوەییە.

7.حاجی لەپاش ئەم هەموو رەخنەو رێنمایی و ئامۆژگاریانە، دەستی پاڕانەوە لەبەر خوا پان دەکاتەوە بۆ ئەوەی کورد بخاتە سەر رێی راست و بیکا بەدەوڵەت و ئاڵایەکی بۆ دابین بکا.

8.حاجی لەم بوارەدا خۆی بەپێشەنگی فیکری و سیاسی کورد دەزانی و خامەکەی خۆی بەبارتەقای چەکی تێکۆشانی رزگاری دادەنی و ئەرکی رێنماییکردنی کورد بەوەزیفەو ئەرکی خۆی دەزانی کە لایشی وایە ئەم ئەرکەی خۆی بەجیهێناوە.

سەرچاوەکان:

1.القران الكريم
كوردی:
2.د.ئەلبێرت عیسا، تیرەگەری و تیۆری دەوڵەت لەبیری ئیبن خەلدووندا، سلێمانی، 2002.
3.بەهائەدین ئەحمەد محەمەد، تیوری دەوڵەت و سیستەمە رامیەرییەکان، سلێمانی، 2002.
3.جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی کورد، بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم، 1984.
5.خالد دلێر، ستەمکردن لەحاجی قادری کۆیی تاوانە، چاپخانەو ئۆفسێتی سەفوەت، سلێمانی، 1998.
6.سەردار میران و کەریم شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا، 1986.
7.عەبدورەحمان سەعید، کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی (دار السلام)، بەغدا، 1925.
8.د.عەبدوڵلا عەتەوی، دەوڵەت و کێشە نێودەوڵەتیەکان، وەرگێرانی: جەزا تۆفیق تالیب و ئەحمەد عەلی ئەحمەد، سلێمانی، 2003.
9.کەریم شارەزا، کۆیەو شاعیرانی، چاپخانەی (النجوم)، بەغدا، 1960.
10.محەمەدی مەلا کەریم، حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لەژیانی نەتەوەی کورد، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، 1960.
11.محەمەدی مەلا کەریم، هەنگاوێکی تر بەرێگادا بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی حاجی قادری کۆیی، چاپخانەی (دار الحریە)، بەغدا، 1989.
12.مەسعود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، ب3، بەغدا، 1971.
13.مەسعود محەمەد، چەپکێک لەگوڵزاری نالی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، 1976.

فارسی:
14.د.ابو القاسم گاهری، تاریخ اندیشە های سیاسی درغرب، تهران، 1379.
15.وئنیتن ئەسکینەرو هیتر، دولتو جامعە، دفتریکم، ترجمە موسی اکرمی، تهران، 1381.
عەرەبی:
16.د.ابراهیم انیس، اللغە بین القومیە والعالمیە، دار المعارف بمێر، القاهرە، 1970.
17.ابن خلدون، المقدمە، گ4، دار حیاو التراپ العربی، بیروت، بلا.

18.ارسگو، فى سياسات، ترجمه الاب اغسگس برباره البولێى، بيروت، 1980.
19.د.اسماعيل ێبرى مقلد، العلاقات السياسيه الدوليه، دراسه فى الاێول والنقريات، مگبوعات جامعه الكويت، 1971.
20.امين محمود عبدالله، الجغرافيه السياسيه، مكتبه النهچه المێريه، القاهره، 1976.
21.د.جميل ێليبا، المعجم الفلسفى، دار الكتاب اللبنانى، بيروت، لبنان، 1978.
22.د.سعد عێفور، القانون الدستورى، دار المعارف بالاسكندريه، 1954.23.د.شاكر مێگفى سليم، قاموس الانپروبولوجيا، جامعه الكويت، 1981.
24.د.عبدالرزاق عباس حسينى، الجغرافيه السياسيه، لبغداد، 1976.
25.فريمان، تى. دەبليو، قرن فى التگور الجغرافى، ترجمه: شاكر خێباک، مگبعه العانى، بغداد، 1976.
26.كرافتسوف، عرچ موجز لنقريات الدوله والقانون، دار التقدم، موسكو، بلا.
27.محمد ازهار سعيد السماک، الجغرافيا السياسيه، اسس وتگبيقات، جامعه الموێل، 1988.
28.محمد سامى عسل، الاقليم وفكره الاقليميه، المگبعه الفنيه، القاهره، بلا.
29.محمد سيد غلاب، تگور الجنس البشرى، القاهره، 1970.
30.د.محمد عبدالمجيد عامر، دراسات فى الجغرافيا السياسيه والدوله، دار المعرفه الجامعيه، اسكندريه، بلا.
31.د.محمد متولى، د.محمود ابو العلاو، الجغرافيه السياسيه، القاهره، بلا.
32.د.محمد محمود ابراهيم الديب، الجغرافيا السياسيه، گ6، مكتبه الانگلوا المێريه، القاهره، 1990.

ئینگلیزی:
33.Carlton hayez essays on nation alism New York، 1926.
34.Edmonds. c.j.،Kurds، Turks and Arabs، London، 1957.
35.Erich W.Zimmermann، World Resources and lndustries، New York، 1953.
36.Haralambos and Halborn،Sociology، London، 1996.
37.Peter j.Tylor and Colin flint، political Geography، 4thed. 2000.
38.Richard Hartshore، the Functional Approach in Political Geography، Annals of the Association of American Geographers، vol.40،1950.
39.Stassinger j.c.، The Might of nature، New York، 1966.
40.Webster's New Dictionary، 1975.

فەرەنسی:
41.Staline، le Marxism et la question Nationale et Sociale، Paris، 1953.